# تاڵترین قاوە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# تاڵترین قاوه

## کۆمەڵێک لە شیعری شاعیرانی هاوچەرخی تورکیا

وەرگێڕانی لە تورکییەوە

**عەلی دەسماڵی**



کتێب: تاڵترین قاوە - کۆمەڵێک لە شیعری شاعیرانی هاوچەرخی تورکیا
وەرگێڕانی لە تورکییەوە: عەلی دەسماڵی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٨٧
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٩٨)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

# پێشەکی

ڕوانینی من وەکو نووسەر و وەرگێڕێکی کورد، بۆ ئەدەب و وێژەی گەلانی جیهان، وەک ڕوانینی هەموو کوردێکی تر، هەوڵێکە بۆ ناسین، بۆ تێگەیشتن، بۆ دیتنی سیمای کەسێکی تر و بینینان بەگوڵێکی تازەوە.

بەڵام ئاخۆ ئێمەی کورد، ئێمەی نووسەر و نوێنەری کورد، کاتێک باسی ئەدەب و وەرگێڕان و وێژە و بەرهەمی میللەتانی تر ئەکەین، تەواوی زمانەکان وەکو یەک ئەبینین؟ ئەمەوێ پرسیار بکەم، ڕەوایە من نێرۆدا، نازک الملائکە، ئەدۆنیس، نازم حیکمەت، حافیزی شیرازی، لۆرکا، پازو تەواوی شاعیرانی تر وەکو یەک چاو لێ بکەم؟ بێگومان ڕەوا نییە. چونکە جیا لەو جیاوازییە سەیر و سەمەرانە وا تەواوی زمانەکان پێکەوە هەیانە. ئێمە ناچارین بیر لە زەمینە فەرهەنگی و مێژوویی و سیاسییەکانیش بکەینەوە.

ئەگەرچی پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ئەدەب و هونەری وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بەردەوام ئێمەی وەکو بن دەست و ژێر دەستەڵاتێک داناوە کە ناچارین ئەدەبی حاکمەکەمان بخوێنینەوە، بەڵام هەلومەرجی تایبەتی سیاسی و مێژوویی و فەرهەنگی وای کرد، ئێمەش شەیدای زۆر لایەنی جوانیناسانەی ئەو ئەدەبانە ببین، هەر بۆیە نالی بەتورکی شیعر ئەنووسێ، مەولەوی بەعەرەبی بابەت و شیعر ئەنووسێ، گۆران ئەدەبی فارسی دێنێ وەری ئەگێڕێتە سەر زمانی کوردی، پیرەمێرد لە دەزگای عوسمانیدا بایەخ و پلە و پایەی پێ ئەدرێ، سوارەی ئێلخانی بەفارسی شیعر ئەنووسێ و هتد. ئەمانە یەکێک لە تایبەتمەندییە باشەکانی ئێمە کوردە، ئێمەی بەردەوام هەوڵمان داوە "ئەوان" بناسین. ئەوەندەی کە ئێمەی کورد هەوڵمان داوە ئێران و تورکیا و عێراق و سوریا بناسین، هیچ کاتێک هیچ فارس و تورک و عەرەبێک، ئەونە خوازیاری خوێندنەوە و ناسینی ئێمە نەبووە.

ڕەنگە زۆر کەس ئاماژە بەو خاڵە بکەن کە لە دونیای ئەدەبدا ئێمە ناتوانین بڵێین فڵانە بەرهەم بەزمانی دەستەڵاتداری داگیرکەر نووسراوە. بەڵام من پێم هەر شیعر و چیرۆک و بەرهەمێک ناسنامەیەکی زمانی هەیە کە پەیوەندیدارە بەنەتەوە و زەمینەی سیاسی و مێژووییەوە. هەر بۆیە کاتێک کە منی کورد ئەدەبی فارسی و تورکی و عەرەبی وەرئەگێڕمە سەر زمانی کوردی لەلایەنی ئینسانییەوە کارێکی گەورەم کردووە. "من"



لێرەدا ڕەنگدانەوەی هەستێکی گشتییە کە ئەیەوێ تەنانەت ئەو داللانە وا شەڕ و دەستەڵاتی وە بیر دێننەوە، بەشێوەیەک چاولێ بکات کە جوانی و میهرەبانی و دەق و هونەر و ئەوین و ئینسان بپارێزێ. من پێم وایە ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەتوانێ بنەڕەتێک بێت بۆ ڕوانین و بیرکردنەوەی کراوە و دیموکراتیک.

تورکیا، وەکو وڵات، وڵاتێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە یەکەمین جار سیستەمی دەستەڵاتداری کۆماری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی هێناوە، پەیوەندی هەیە بەزەریاوە. لەوانەیە لە داهاتوودا ئەندامێکی چالاکی یەکێتی ئەوروپا بێت. ئەمانە چەن ئاماژەی کورتە بەوڵاتی تورکیا. بەڵام تورکیا وەکو ئەدەب، وەکو وێژە، وەکو ڕۆشنبیری چییە؟ ڕەنگە وەڵامدانەوە بەم پرسیارە تۆزێ دژوار بێت. چونکە هەتا ئێستا هەوڵ و تەقەلای ئێمە بۆ وەرگێڕانی ئەدەبی تورکی هەوڵدانێکی لاوەکی بووە. هەر بۆیە من پێم وایە یەکێک لەو ئەدەب  و فەرهەنگانە کە پێویستە بەخوێنەری کورد بناسێنرێ فەرهەنگ و هونەر و ئەدەبی تورکیایە. ئەدەبی ئەو وڵاتە خاوەن شاعیر و نووسەری ناوداری جیهانییە. نازم حیکمەت و یەشار کەماڵ، لە شیعر و ڕۆماندا، ڕوخساری ناسراوی جیهانین کە ڕەنگە هەموو کەسێک بیانناسێ، بەڵام پێم وا نییە کەس ئاگاداری ئەوە بێ کە بۆ وێنە ڕۆمان نووسێکی تورک بەناوی "ئۆرهان پاموک" دانەیەک لە ڕۆمانەکانی یەک و نیو ملیۆن بەرگی لێ فرۆشراوە و دوای ئەوەی کە یەک و نیو ملیۆن بەرگی بەتورکی فرۆشراوە، وەرگێڕاوەتە سەر ١٠ زمانی زیندووی جیهان. گەل و میللەتێک وا یەک و نیو ملیۆن بەرگ لە بەرهەمی نووسەرێک ئەکڕێ و ئەیخوێنێ، بێگومان بۆ ئەوە نابێ فەرامۆش بکرێ. هەر بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم هێدی هێدی دەستم بەوە کردوە کە بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی تورک بەکوردی و فارسی وەربگێڕم و هیوادارم لە داهاتووشدا بتوانم بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی خۆمان بەتورکی و فارسی بڵاوبکەمەوە.

لە دواییدا ئەمەوێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە: چلۆن نامیلکەیەک لە شیعری شاعیرانی تورک بڵاوئەکرێتەوە کە شیعری نازم حیکمەتی مەزنی تێدا نییە؟ وەڵامەکەم ئەوەیە کە هەوڵ ئەدەم کۆمەڵێک لە شیعرەکانی ئەو شاعیرە بەتاقی تەنیا خۆی و کۆمەڵێک لە شیعری ئەو شاعیرە کوردانە وا بەتورکی شیعریان نووسیوە، لە داهاتوودا ئامادەی چاپ بکەم.

عەلی دەسماڵی – سنە
پاییزی ٢٠٠٥

# له ژێر قەراوێڵەکەمدا پیاسە دەکەم

کورتەی بەسەرهات و چەن شیعری
شاعیری گەورەی بەرەچەڵەک کوردی تورکیا
ئەحمەد عارف ١٩٢٧ – ١٩٩١

یەکەم جار کە گوێم لە شریتی شیعرەکانی «ئەحمەد عارف» گرت و، دەنگی ئەو شاعیرە ئازار چێشتووەم هاتە گوێ، سەرەڕای ئەوەی هێشتا زاڵبوونێکی وام بەسەر زمانی تورکیدا نەبوو، ئەوەندە هەستم بەسەمیمەت و ئاشنایی کرد، وەک بڵێن گوێم لە قسەی پیرەپیاوێکی کورد گرتبێ، یان سۆفییەکی لادێنشین کە لە ژێر لێفی خۆرەتاو دانیشتبێ و بەتەزبێحەکەی یاری بکات و بەسەرهاتی جەحێڵیی خۆی بۆ منی لاو بگێڕێتەوە. دواتر کە توانیم زۆرتر بچمە ناخی شیعرەکانیەوە، دیتم بەڕاستی «ئەحمەد» شیعری کوردیی بەزمانی تورکی نووسیوە! دیارە ئەم پرسە بابەتێکی هەستیار و بەربڵاوە و پیاو ناتوانێ بەهاسانی خۆی لێ بدات، نەدەکرێ بەسادەیی کەسێک تاوانبار بکەین بەوەی کە بۆچی بەزمانی زگماکی خۆی نەینووسیوە، ناشتوانین گەشبینانە پاکانە بۆ کەس بکەین کە مافی خۆیەتی بەزمانێکی تر بنووسێ یان نا. ڕەنگە هەر ئەو باسەبێ کە پێشتر بۆ سەلیم بەرەکات و محەمەدی قازی و ئیبراهیم یوونسی و یەشار کەمال هاتۆتە ئاراوە. لێرەدا بەبێ ئەوەی بەپێویستی بزانم پۆ بەو باسەوە بدەم دەمەوێ ئاماژە بەو ڕاستییە بکەم کە بەڕاستی خۆی لە خۆیدا ئاگاداریی ئێمە وەک نووسەر و خوێنەر سەبارەت بەهەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی و چاندی تورکیای و کوردستانی ئەوێ لەو ڕادەیەدا نییە کە بتوانین بەسانایی نووسەرانی ئەوێ بەوە تاوانبار بکەین کە بۆچی بەکوردی نەیانـنووسی. بۆ خۆم پێم خۆشە زۆرتر لە ڕوانگە و وێستگەیەکی جوانیناسانەوە نزیکی بابەتەکە ببمەوە و بیر لەوە بکەمەوە کە ئەگەر ئەم شیعرانە جێگەیەکی قورس و قایمیان لە ئەدەبی هاوچەرخی تورکیدا هەیە و هەتا ئێستا زیاتر لە ٣٠ جار وەک کتێب و نامیلکە لە چاپ دراون، شیاوی ئەوە هەیە کە بەرامەکەی لێرەشدا هەست پێ بکرێت، تەنانەت ئەگەر بەوەرگێڕان و بەهەڵبژێردراوی بێت.



ئەحمەد عارف، شاعیری مەزن لە ساڵی ١٩٢٧ی زایینی لە گوندێکی سەر بەدیاربەکر یان بەوتەی کوردەکان «ئامەد» ناوەندی کوردستانی تورکیا هاتۆتە دنیاوە. لە ئەنقەرە بەشی زمان و جوگرافیا و مێژووی تەواو کردووە و لە چالاکترین خوێندکارانی زانکۆکانی ئەو کاتەی ئەنقەرە بووە کە لە ژێر کاریگەریی بزاڤی خوێندکارانی ئەورووپاییدا وەک شەپۆلێکی ڕەخنەگر لە بەرانبەر زۆر سیاسەتی ڕژێمدا ڕادەوەستان و خەباتیان دەکرد. هەر لەو دار و بارەدا ئەحمەد دژ بەیاسای ١٤١ کە بزاڤی خوێندکاری سەرکوت دەکرد و بەرامبەری سنوورە سەپێندراوەکانی دەزگای سیخوڕی «میت»ی دەکردنەوە و ڕاوەستا و خرایە زیندان. دوای دوو ساڵ ئازاد کرا و هەر لە یەکەم ڕۆژی بەربوونەکەیدا دەستی بەخەبات کردەوە، ڕژێم جارێکی تر دەسگیری کرد و ئەمجارە بۆ ٤ ساڵ خرایە زیندان. دوای ئازاد بوون لە ئەنقەرە چالاکانە دەستی بەخەباتی ڕۆژنامەگەری و شاعیری کرد. ئەحمەد عارف تەنیا یەک کۆمەڵە شیعری هەیە بەناوی «لە حەسرەتی تۆدا...» کە هەتا ئێستا زیاتر لە ٣٠ جار لە چاپ دراوەتەوە و کۆمەڵە شیعرەکانی تافی لاوەتی تا ١٩٦٨، لە خۆ دەگرێت. دوای ئەوە ئەحمەد عارف شیعری بڵاونەکردەوە و کەس نازانێ تا ساڵی ١٩٩١ کە کۆچی دوایی کرد شیعری تازەی نووسی یان نە.

وەرگێڕانی ئەم شیعرانە
بۆ ئەو بەفرەی
کە نامەوێ بتوێتەوە

## ئێواره زوو دادێ، بەسەر بەندیخانەدا

ئێواره زوو دادێ،
بەسەر بەندیخانەدا.
ئەگەر ئەژدیهاش بێت سوودی نییە.
چەندە شەڕکەر بیت،
چەندە بوێر و جەرگ هەڵدڕ،
دیسان بێ سوودە گیانە،
هێور هێور
لە دەروونەوە داتدەگرێ،
دەتبا بەرەو تامەزرۆ.

ئێواره زوو دادێ
بەسەر بەندیخانەدا،
لە حەوت دەرگاوە
بەحەوت باسکی پۆڵاوە دێ.
باخچەی نێو حەسار
گریاناوی دەبێ لە ناکاو.
ڕوو بەڕووت،
لە بن دیواردا
سێ لقی سەفای شەوگار،
سێ بەرامەی هەڕاجکراوی گوڵ.
ئەوانیش لەم ئەوینە ترسبارەدان،
هەوری ئاسمان و
لقی دار شێلانە.
دەس دەکەن بەحەپسکردن.
بێ تاقەتی لە تاریکیدا.



کابرایەک، گۆرانیی «بووکی کوردان» دەڵێ،
ئەمن بەڵام لەژێر قەراوێڵەکەمدا، خەریکی پیاسەم!
هەر لە خەیاڵی مەحاڵەکاندام.
ئەو شتانەی کە قەت نایەنەدی.
پێکەنین، منداڵانە، گێلانە.
پێیان دەڵێم:
«ڕووت و قووت لە بازنەی شەڕێکدا
بەدۆستی یان بەدوژمنی
گەر لێ بدرێم، گەر بکوژرێم،
دەمەوێ بمرم.»
کەچی ئەوەشم چنگ ناکەوێت.
هەموو شتێ لە زاری چەکدا دەرباز ئەبێ.
یاساوڵی شەو
دەس بەگەڕان دەکەن.

بەتامەزرۆ دایدەگیرسێنم شقارتەکەم.
ئەوەڵ نەفەس سیگارەکەم هەڵدەبێ.
مژێکی وای لێ دەدەم، خۆکوژانە.
دەزانم دەڵێی: «تۆ
بەڵام بڕوا بکە ئێواره زوو دادێ
بەسەر بەندیخانەدا
کەچی لەولای میلەکان، بەهارێک ڕاوەستاوە
ژیکەڵانە، خوێن گەرم
خۆشم دەوێی
شێتانە، شێتانە.

## عەشقت...

عەشقت بەجێی نەهێشتم،
برسی مامەوە،
بێ ئاو مامەوە،
لە تاریکایی خائینی شەودا.
گیان غەریب،
ئازاری ئەنام بێ دەنگ،
جەستە ئەنجن،
دەس بەکەلەبچە،
بێ خەو
بێ توتون مامەوە،
عەشقت بەڵام
بەجێی نەهێشتم.

## ئەوەی لە بیرم نەکردووی!

لە تەنیاییمدا،
ئەتۆ دەکرایەوە،
شین و سەوز
دەکرایەوە،
خوێنی کەروێشک ڕوون و خەناوی،
ئازارەکان دەدۆڕاند،
قەحبایەتییەکانم دەدۆڕاند.
ڕۆیشتن،
لە چاوانی تۆدا
ڕۆیشتن بەرەو مەنفا.
نووستن،



لە چاوانی تۆدا
نووستن بەحەپسکراوی،
لە کوێن چاوەکانت
«هەبوون یا نەبوون» نییە،
گەورە ئازار،
بێ چارەیی مانە لە بەرامبەر تێگەیشتن
هەرەسێک وا کەس ڕایناوەستێنێ،
هاتنی بێ بڕانەوە.
نۆشین،
لە چاوانی تۆدا
نۆشینەوەی ڕووناکی مانگت.
هەبوون،
لە چاوانی تۆدا هەبوون لە کاتی ئاویلکەدا،
لە کوێن چاوەکانت
لە شاراوەیی گیانمدا ئەتۆش گیانێک بووی
کە خوێن نەبوو عەشقەکەمان
دەنا دەڕژایە نێو شەوگارەوە.
کە جەللاد کەمەند توند دەکات.
بیستن،
لە چاوانی تۆدا بیستنی سێدارەکان.
بێ دەنگی،
لە چاوانی تۆدا بێ دەنگ بوون
بەوێنەی ئوستوورەیەک
لە کوێن چاوەکانت؟

## بێ دەنگ

بێ دەنگ،
با کەس نەزانێ، دەمرم ها.
ڕاچڵەکام لە نیوە شەودا
دوای بارانێکی سەوز، ...
سەوز دادەبارێ.
لە هەرە دووردا،
لەو ئەستێرە بێ ناو و بێ کەس و هەڵدڕاوانەدا،
دەژنەفی
ئوستوورەیەک دادەبەزێ خۆی لە خۆیدا
پێدەشتێک، مەزرایەک، پردێکی سەوز.
سەرەتا دەڵێ من بووم و پاشان
دەڵێ منم...
بێ مەرگ، جوان و خۆڕاگر
شهوودەکەی دێ و تەواوی کەون لێوانلێو دەکا
بێ کاری زانراو و نەزانرا و
ئێستاکە گیانی من و تۆڤەکانی من لە ئامێز ئەگرێت
بەزریانەکانیەوە سەوز سەوز لە باوەش ئەگرێت
خەون؛ تەواوی ئەو شتانە ئازاریانم دیتووە
خەون؛ کینی من
خەون؛ زیندان
دیتت چلۆن ساڵەکانی دۆزییەوە
ماجەرام بەقەت شیعرێکە،
ئێمەی نەزان چلۆن یەکترمان دۆزییەوە
چلۆن فێرە خۆشەویستی بووین
دوو پل حەسرەت،



دوو پل گیان،
هەڵدڕا ئەو جەرگەی کە دەبوایە هەڵدڕێ
لە فێنکایی پەلکە زێڕینەدا دەگری.
لە شڵەقاندنی ئاوێکی خنکاودا،
سەوز سەوز دەگری.
لە خوارەکانیدا گوڵی سەوز بەهەوادا چووە،
زاری هەموو چەکێک بێ دەنگە...
چیا بێ دەنگە...
زەریا بێ دەنگە...
دونیا هێور هێور
خەونەکان قووڵ
مار ئاو دەهێنێ بەبێچووەکانی.
ژنی قسر، کچێکی مەویستی هێناوە دونیا.
مەمکەکانی بەپیت و فێنکن
سەوز دەنوێنن سەوز،
بەنیوە شەو ڕاچڵەکام،
«نیرۆن» ڕوومەتێکی گلاو لە کتێبی منداڵان و
«سەزار»یش وێرانەی ناوێکە،
بەڵام خەنجەر هێشتاکە شەرخوازە!
لە کوێیە ئەواوی گۆگردە کە پێی داپۆشرابووی
(بەشێک لە شیعری درێژ)

# ژیان و بەرهەمەکانی ئۆرهان وەلی کانێک

١٩١٤ – ١٩٥٠

شاعیری سادەترین سات

ئۆرهان وەلی لە دوایین ساڵەکانی تەمەنی دەستەڵاتداری ئیمپراتۆری عوسمانیدا هاتە دونیاوە. واتا کاتێک ئەم شاعیرە گەیشتە تەمەنی لاوی، مستەفا کەمال ناسراو بەکەمال ئەتاتورک بنەڕەتەکانی کۆماری تورکیای پتەو کردبوو. سەرەڕای ئەوەی تورکیای سەردەمی کۆماری، خاوەن کاریگەری هزری و سیاسی و کۆمەڵایەتی تایبەت بوو، زۆر شەپۆلی ئەدەبی سیاسی هەوڵیان ئەدا خۆیان وەکو ڕۆشنبیرانی سەر بەدەسەڵات بەتەواوی بەسەر ڕەوتی ئەدەب هونەردا، بسەپێنن. بەڵام یەکێک لەو شاعیرانە وا لەو بارودۆخەدا سەربەخۆیی و دەنگی تایبەتی خۆی پاراست، ئۆرهان وەلی بوو. سادەیی و ناواختی ساکار و پڕ مانا و فانتازیای ناسک و جوانی شیعرەکانی ئۆرهان وەلی، لە زووترین کاتدا مۆرکی تایبەتی خۆی لە ئەدەبی هاوچەرخی تورک دا.

ئەگەرچی ئۆرهان وەلی ژیانێکی کورتی بوو، ئەگەرچی لە تەمەنی **٣٦** ساڵەییدا بەهۆی نەخۆشییەوە دونیای بەجێهێشت بەڵام وەکو شاعیر، وەکو مرۆڤی خاوەن هەستی شاعیرانە قۆناغی زۆری تێپەڕکرد. گەیشتن بەلووتکەی سادەیی و لە هەمان کاتدا پاراستنی مانا و ناوەڕۆک لە سادەترین قاڵبدا، تایبەتمەندی بەرهەمەکانی ئۆرهان وەلییە.

جیهان ناسی ئۆرهان وەلی، جیهان ناسییەک لێوان لێو لە وشەی زیندوو، وێنەی دینامیک، خەیاڵی تازە و تایبەت.

ڕەنگدانەوەی ژیانی ئاسایی و کاروباری ڕۆژانە و وێنەکانی شەقام و کۆڵان و شار و دەریا و سروشت و بەندەر، لە شیعرەکانی ئەودا، دونیایەکی بەدی هێناوە. کە بێ شک خانووی شاعیرانەی تایبەتی خۆیە و هیچ کەسێک بەر لە ئۆرهان وەلی تا ئەو ڕادەیە سەرکەوتنێکی وای بەدەسی نەهێناوە.



هێشتا نەمردوو

چەن شیعر لە ئۆرهان وەلی کانێک

شاعیری بەناوبانگی تورک

## ئەبابیل

دەڵێم هەڵیانگرم
ئەم دەنگانەی دەروونم
کە هەڵدەفڕن بەم ئێوارەیە.
ڕێگایەک حافیزەم دەبات
بەرەو کەناری دەریایەک،
ڕووناکی پاپۆڕێکە،
وێڵ بەدوای خەونەکانەوە.
مۆم وا دەسووتێ
وەک بڵێی مەلەوانی
شینایی زەریایە.
دێوی تاریکییە،
بەسەر دوگمەکانی پیانۆوە.
بیرەوەری دڵ دەهەژێنێ،
دەمبا بەرەو دونیای پڕ لە بەختەوەری،
بەرەو خەونێک
بەپەنجەی شووشەیی تۆوە دەنگ دەگرێ.
چاوانم پڕ دەبن لە خەونی شەوانی چەندین ساڵ،
تاق و تەنیا دەمێنێ
ئەم کەنارە کە ڕامی هاوین بووە.
لە هەڵفڕیندان لە ئاسمانا
پۆلێک ئەبابیل

ئەوێیە شوێنی هەتایی بوونەوەی
ئەشق و حەسرەتم.
وایە دەنگ دەڕژێ
لە بارانییە کراوەکانەوە.
لە دوورڕا گوڵێک
ڕۆحی تۆی هێنایە خرۆش؟
هەستکردنی نزیکترین ئەشق
لە لێوانی تۆدا.
پێکەنینێک،
جوانتر لە هەموو ژیان بەسەربردنێک.
هزرەکان
لە یەکەم سێبەرا خەو دەیانباتەوە.
کاتێک کە تۆ
بەکراسی داوێن سپییەوە ئەبینم،
دەرگاکان ئەکرێنەوە
بەرەو سپێدەیەک سەوز.

## خۆر

ئاخ... دوورم لە ڕووناکی
بێدەنگی لە سەرمدا بڵاونابێتەوە.
نەمردم، هێشتا دەژیم
(گوێ بگرە؛
نەبزی ڕۆحت هێشتا لێدەدا).
هەست پێدەکەم،
لەرەی باڵی شەمشەمە کوێرەکان.
لایەنگری منن ئێستا



هەموو ترس و هەراسێک.
ئاوەکان چاوەڕوان دەم دەکەنەوە.
ئاخ... چەندە دوورم لە ڕووناکی
بێدەنگی لە سەرمدا بڵاونابێتەوە.
نەمردم، هێشتا دەژیم
(بڕوانە؛
نەبزی ڕۆحت هێشتا لێدەدا).
لەوپەڕی ئاسۆ ڕەشەکانا
ئەبنە گوڵ
بەهاران و دەنگەکان.
لە هەوای خەیاڵی منداڵە بڵاوبووندایە
دەنگی جوانترین کاتەکان.
هێشتا نەمردووم و دەژیم
(گوێ بگرە! بڕوانە!
نەبزی ڕۆحت لێدەدا)
ئاخ دوورم لە ڕووناکی.
بێدەنگیی نێو سەرم بڵاونەکراوەیە.
بای مەرگ هەڵکە
ئەی ڕۆحی من!
لە شەومدا و لە ڕۆژمدا
نییە چرایەک
چاوەکانم نابینن،
خۆر بەڵام
خۆر هەموو کاتێک
لەسەر ڕوومەتی منە...

# کوچ

له ڕۆچنەوه سەیری
سەربانی ماڵەکان ئەکا.
بەندەر دەبینرێ.
ناقووسی کلێساکان دەژەنرێن.
بێ وەستان
بەدرێژایی ڕۆژ.
دەنگی شەمەندەفەر دێتە گوێ
له پێخەفەکەیدا،
هەموو ئانێک، هەموو شەوێک.
تازه خۆشەویستیی کچانی دەس پێ کردبوو
... پەنجەرەی ئاپارتمانی ڕووبەڕووی.

له ئاوا حاڵێکدا ئەم شارەی
بەجێهێشت و
ڕۆیی بەرەو شارێکی تر.
ئێستا سپێدارەکان دەبینرێن
له پەنجەرەی دیوەکەیەوه.
بەدرێژایی هەموو جۆگەیەک
بەڕۆژان باران ئەبارێ و
شەوان مانگ له دایک ئەبێ و
بازاڕ بەرپا ئەبێ له مەیدانی ڕووبەڕوودا.
بەڵام ئەو
بەردەوام
بیر له شتێک ئەکاتەوه.
ڕێگا،
پاره،



نامه.
بیر له شتێک ئەکاتەوه.

## بەجێهێشتنی ئەم شاره

پیاسەی ژێر باران
دەس دەدات لەم شارەدا.
ڕوانین بۆ گەمییەکانی بەندەر.
گۆرانییەکان دێن و
شەو دەخەملێنن.
کۆڵانی زۆری هەیه
ئەم شاره.
بەهەزاران کەس
بەردەوام له هات و چوودان.
هەموو ئێوارەیەک ئەو کەسەی
پیاڵە چایەکەم بۆ دێنێ
(ئەگەرچی ڕووسی بێ و سپی)
بەڵام ژنە گارسۆنێکی له بەردڵانه و
ئەویش لەم شارەدایه.
والسەکان و خۆشیی شەوانەش لێرەن.
پیانیستی پیر بەدەم پیانۆژەندنەوه
ئاورم لێ دەداتەوه.
تەنانەت پاپۆڕێک هەیه لەم شارەدا
موسافیر دەبات لێرەوه
بۆ ئەو گونده که تیایدا له دایک بووم.
بیرەوەریی من
هەموو هی ئەم شارەن.
خۆشەویستەکەم،

مەزاری مردووانم
پیشەم
نانی شەوم
هەموو شتێکم
لێرە لەم شارەدایە.
بەڵام لە جیاتی تەواوی ئەم شتانە و
لە باتی هەموویان
لە شارێکی ترا
ڕووخساری ژنێک هەیە،
بۆیە دەبێ
ئەم شارە بەجێبێڵم.

## دەنگی شەمەندەفەر

غەریبم لەم شارەدا
نە جوانێک
سوکنایی دڵم دێنێ
نەڕوخساری ناسراوێک.
بریا هیچ نەبێ دەنگی شەمەندەفەرێک
تەنانەت بێدەنگی بشکێنێ.
دەنا دوو کانیاو
لە چاوانمەوە
بەردەوام.

## ناوەوە

پەنجەرە،
لە هەموو شتێک چاکتر پەنجەرەیە.
هیچ نەبێ دەتوانی
چاو لە باڵندەکان بکەی



کە دەڕۆن و دەڕۆن.
لانی کەم لە باتی چوار دیوار
ئەمەت هەیە.

## ناتوانم دەری ببڕم

ئەگەر بگریم،
دەبیسن دەنگم لە دێڕەکانمەوە؟
بەدەستی خۆتان
فرمێسکەکانم دەسڕنەوە؟
بەر لەوەی موبتەلای ئەو دەردە بم
نەمدەزانی هێندە جوانە گۆرانی.
هێندە نادیارن وشە.
دەزانم
شوێنێک هەیە.
لەو شوێنەدا دەتوانی هەر شتێک بڵێی،
هەست ئەکەم زۆر لێی نزیکم
ناتوانم دەری ببڕم نا.

## جیایی

مات و حەیران
لە هات و چووی گەمییەکان
ئەڕوانم.
ناتوانم خۆم بهاوێژمە نێو زەریاوە، نا.
جیهان،
جوانە هێشتا.

## شیعری سەر شۆستەکە

چەندە جوانە چەن جوان
بینای بەرزی سەر ڕێگا
کاتێک کە دەڕووخێ و
ئاسۆیەکی نەزانراو
نەناسراو
دەبینرێ.

## لە هەستێکدا ببینە

لە هەستێکدا زەنازەنا،
دەنگی کرانەوەی پستە
لە دەروونی لق و پۆپدا
چاوی لێ بکە
ببینە،
چیت بەسەر دێ!

## چاوەڕوانم

لە هەوایەکی وەهادا وەرە
گەڕانەوەت
مومکین نەبێ قەت!

## کارێک هەیە

هەموو ڕۆژێ
ئەوەندە جوانە زەریا؟
هەموو کاتێک
ئاوا ئەبینرێ ئاسمان؟



## «وەکو ئێمە»

بلێی دەبابەیەک
هیوایەکی هەبێ،
چوزانم خەونێک؟
ئاخۆ بیر لە چی بکاتەوە
فڕۆکەیەک
کاتێک کە تەنیایە؟

## سەر چیا

لەسەر شاخێکدای
لێوڕێژی لە دەرد و داخ و
تامەزرۆ،
ئێوارەیە و
ڕۆژئاوا بووە.
ئەگەر نەخۆیەوە
چ غەڵەتێکی ترت پێدەکرێ؟

## کچی زەریا

تازە لە زەریاوە هاتبووە دەر،
بسکەکانی،
لێوەکانی
هەتا بەیانی بۆنی زەریا دەهات.
سنگ وەک شەپۆڵ
لە هەڵبەز و دابەزا بوو.
چەوساوە بوو دەزانم
بەڵام بەباڵا دەوڵەمەند.
لەبن گوێمدا بەهێوری

تا بەیانی
گۆرانی ئەشقی گوت.

## «قارەمانی ڕۆمانێک»

باران دەباری
بەسەر خێیوەتەکەمدا
بایەک هەڵی کردبوو
لە خودی کەنداوی دوورەوە و
ئەمن قارەمانی ڕۆمانێک...

## خەون

خەونم بینی دایکم مردووە
ڕاچڵەکام بەدەم گریانەوە.
هاتەوە بیرم
لە بەر بەیانی جەژنێکدا
ئاسمان
کۆلارەکەمی رفاندبوو.
گریابووم ئەو کاتەش.

## «ئێوارانی یەک شەممە»

ئێستا ئیدی جوانییەکەم نەماوە
کە قەرزەکانم بدەمەوە
ئەوەندەی تر خراپ ئەبم.
ڕەنگە تۆ ئەو کاتەش
منت خۆش نەوێ.
لەگەڵ ئەمەشدا ئێوارانی یەک شەممە
کاتێک بەگەڕەکی ئێوەدا تێپەڕ ببم
ئەوەندە بێ دەنگم



کە تۆش وا دەزانی
ئەوەندەی ئێستا
نرخت لە لام ماوە.

## هەوا جوانەکان

ئەم هەوا جوانانە بوون
منیان لە نێو برد.
لەم هەوایانەدا ئیشەکەمم وێڵ کرد،
ئیشی بەرپرسایەتی لە ئەوقاف!
لەم هەوایانەدا خووم گرت بەدووکەڵی تووتنەوە.
ئاشق بووم لەم هەوایەدا و
لە بیرمەوە چوو
نان و خوێ بردنەوە بۆ ماڵ.
نەخۆشینی شیعر نووسین هەر لەم هاوینەدا سەری دەرهێنا.
ئەم هەوا جوانانە بوون
منیان لە نێو برد.

## ڕۆیشتن بۆ شەڕ

هۆ منداڵە قژ زەردەکە!
دەڕۆی بۆ شەڕ.
هەر ئاوەها جوان بێیەوە.
با دیسان بۆنی زەریا بێ
لە لێوانی تۆوە.
با پڕ بن لە خوێ برژانگەکانت.
بۆ شەڕ دەڕۆی
منداڵە قژ زەردەکە.

# سادەتر لە مەرگ

شیعرەکانی

فازڵ حوسنی داغلارجا

یەکێک لە پیرترین و بەتەمەنترین شاعیرانی تورکیایە کە زیاتر لە نەوەد ساڵە، شیعرەکان بەسەریا دادەبارێن و ئیزنی مردنی پێ نادەن و بەردەوام دەینووسنەوە. داغلارجا ساڵی ١٩١٤ لە شاری ئەستەمبوڵ لە دایک بووە. لەو مرۆڤە دەگمەنانە بووە کە بەختەوەری و مەزنایەتیی لە سەربازبووندا دیوەتەوە. هەر بۆیە لە تەمەنی ٢٠ ساڵاندا چوەتە نێو ئارتەشی تازە خۆگرتووی کەمالیستی تورکیا، بەڵام زیاتر لە ١٥ ساڵ دەوامی نەهێناوە و بەهەر گیان کەنشتێ بووبێ دەستی لە عەسکەرییەت بەرداوە و بەکاروباری بڵاوکردنەوەی کتێب و ناوەندە توریستییەکانەوە خەریک بووە. سەربازی گەنجی ئەو دەمە و پیرە شاعیری ئێستا زیاتر لە ٧٠ نامیلکە شیعری نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە. لە ئەدەبی هاوچەرخی تورکیادا ڕێزێکی تایبەتی هەیە، بەڵام هیچ کاتێک حەزی لە پڕۆپاگەندە و خۆناساندن و قەرەباڵغی نەبووە.

سەرەڕای ئەوەی بەتەمەن پیرە بەڵام بەردەوام پێی خۆش بووە لە هزر و فۆرم و زماندا بەدوای تازەیی و تازەگەریدا بگەڕێت. داغلارجا لەو شاعیرانەیە وا پێی خۆشە سەربەخۆ بێ تەنانەت ئەگەر کەس نەیخوێنێتەوە. وەک دەبینین ئاشکراترین تایبەتمەندیی زمانی شیعرەکانی فازڵ داغلارجا سادە بوونە، دیارە پێناسە کردنی شیعری سادە، یان پێناسە کردنی ئەو ئستیل و شێوازە تایبەتییە کە لە فارسی و عەرەبیدا بە«سهل و ممتنع» ناوی لێ نراوە، کارێکی دژوار بێ، بەڵام لانی کەم شیعرەکانی ئەم شاعیرە پیرە کەم یان زۆر تایبەتمەندی و چەند و چۆنی شیعری سادەمان پێ نیشان ئەدەن. ڕەنگە لەلای زۆر کەس سادە بوون و سانا بوون یەک واتای هەبێ بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە ڕوانینێکی تیژ نییە. چونکە نزیک بوونەوە لە سنوورەکانی ئەم جۆرە سادە نووسینانە بۆ خۆی لە کاناڵی ئاڵۆزترین و پێچا و پێچترین تەمتومانەکانی زەین و زمانەوە دەرباز ئەبن. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە شیعرانە ئەوەندە لە «شهود» و «نواندن»دا ڕوون و ئاشکران کە سادەیان پێ



دەگوترێ، ئەگینا خۆی لە خۆیدا نووسینی شیعری سادە دژوارترین کارە «تۆ ئەگەر بتەوێ شیعرێکی سادە و زوڵاڵ و... ناب» بنووسیت بەڕاستی وەکو ئەوەیە بەسەر مووسدا هەنگاو بنێ. یتۆزێک لادان و غەفڵەت ئەتوانێ زمانی شیعر هێندە بێ قەدر و بێ ناوەڕۆک بکاتەوە، کە هیچ ئاست و لایەنێکی شاعیرانەی تیادا نەمێنێتەوە و سادەترین دیالۆگەکانی ژیانی هەر ڕۆژە و پەیڤەکانی ناو کۆڵان، ناو و مۆرکی شیعریان لەسەر بنێ – لە شیعری فارسیدا کەم نین ئەو شاعیرانەی وا بەناوی شیعری ناب و شیعری گوفتارەوە تووشی ئەم چەواشەیە بوون – لە ڕاستیدا دۆزینەوەی لەمپەر و سنووری ئەم زانست و ئاگاییە هەستیارە تەنیا لە توانای خوێنەرێکی شیعر ناس و چالاکدایە.

خوێندنەوەی ئەم چەن شیعرەی داغلارجا لانی کەم ئەتوانێ ئەم پرسیارە لە لامان یەکالا بکاتەوە کە «میتافیزیکی شاعیرانە» چەندە پێوەندی هەیە بەشوناسەی میتافیزیکی سەلەفییانەی ئیدیالیستییەوە؟ ئایا هێشتا سەردەمی ئەوە ماوە شاعیران تەنیا و تەنیا بەبیانووی ئەوەی پەساپۆرتی شاری یۆتۆپیا وەربگرن دەس لە خەیاڵ بشۆن و تەنیا و تەنیا بەیاریکردن بەچەن فۆرمی ناسراو درێژە بەژیانی دەقەکانیان بدەن؟

یان نا شیعر بەردەوام هەر ئەبێ گەوهەر و زاتی جادوویی خۆی کە بەزاراوەی تەماوی و نادیاری «شعرییەت» ناوزەد ئەکرێ، بپارێزێ؟

لە دواییدا بەپێویستی ئەزانم بەدوو تێبینیی کورت ئاماژە بکەم. یەکەم: جوگرافیای تورکیا و ژیانی میللەتی تورک بەستراوەتەوە بەزەریا و دونیای ئاوەکانەوە؟ چ لە ڕووی ئابووری و سیاسی و چ لە بواری سۆز و هەستەوە. خاڵی سەیر ئەوەیە بەپێچەوانەی میللەتانی تری «ئێژە» و ئەدەبی یۆنانی و ئەوروپایی، شاعیرانی تورک هەم توانیویانە بۆ خۆیان کاراکتێر و چەند و چۆنی تایبەت دابنێن سەبارەت بەزەریا و دالەکانی گرێدراوی زەریا، هەم توانیویانە نیگایەکی شاعیرانە بەشێوەیەکی جیهانی و گشتگیر تەرخان بدەن بەزەریا کە بتوانێ لە وەرگێڕانیشدا تا ئاستێکی زۆر بمێنێتەوە و لە زمانی نوێدا لەناو نەچێ.

دووهەم: بڕێک لەم شیعرانەی داغلارجا خاوەن شێوە لەحن و مۆسیقایەکی تایبەتین کە زۆرتر لە شیعری چەن بڕگەیی کوردی و «دوبیتی» فارسی دەچێ. من ئەوەندەی لە توانامدا بووە هەوڵم داوە لەو شیعرانەدا بەئەسڵێکی جوانیناسانە سەبارەت بەمۆسیقای شیعر پێبەند ببم تا یاسا و ڕێسای شیعری بڕگەیی.

## شتی تێپەڕیو

لەژێر کاکەشانی دێو ئاسا
دونیایەکی بچووک
لەو دونیایەدا ماڵێکی بچووکتر.
بەرامەی گوڵانی چۆڵگە دێ،
بەر لە ئاوابوونی ڕۆژ.
بێ وەخت و بێ خەوەر بەرامەی نەعنا
بڵاو ئەبێتەوە.
لە مێژە مەستە هەر کەس،
هەموو شتێک مەست بەیەک نیگا.
لە یاری نازار بیر ئەکرێتەوە.
تەیرەکان بەعەشقەوە
بێ دەنگ هەڵئەفڕن.
ئاسمان شاهانە دەگۆڕدرێ.
دڵی دێوانە نازانێ
لە دەروونداو
لە دەرەوەش
چەن زاڵمانە دەرباز ئەبێ،
زەمەن

## ڕووناکییەک

بێ گومان
مەرگ ناتوانێ،
هیچ شتێک کەم بکاتەوە.
هەر چۆنێ بێ ئاوەکان ئەڕۆن.
هەر شێن ئەبن



گەڵای گوڵ و پەڕەی گوڵ.
نا ، مردن ناتوانێ
هیچ شتێک کەم بکاتەوە.

## کۆ

دوو ئەشق
کۆ ئەبنەوە.
نەختێک ڕاوەستان.
نەختێک چاوەڕان.
ئەنجام؟
ڕامووسان و ڕامووسان.

## شیعرەکانی زەریای سپی

١

تۆ،
زەریا و ئاسمان.
ساتێک ئەگەر ڕاوەستێن لە خەودا
تارای ئاورێشم ئەکشێ
بەڕووی شەودا.
دڵگیر ئەبن مردووان
ئەگەر ئازیەتباری تاریکی بێن
تۆ و
زەریا و ئاسمان

٢

خەمبار و پڕ ئێش،
چی لە دڵدا حەشاردا

زەریای سپی؟
یەکێک ئەڵێ خۆشەویستییە و
یەکێ تر، لە بیرەوچوون.

## ٣

ئەڵێی: ئەستێرەکان
لە دەستم ئەسوێن،
گەورەتر ئەبنەوە.
ئەڵێی: چی هەیە بۆ عاشقان،
ڕووناکی و
ڕەشایی بێ دەنگ.
ئەڵێی: خەوم لێناکەوێ
شەوانە تەنیاین
لە شینایی بەریندا

## ٤

زەوین کش و بێ دەنگ.
لە تەواوی زەویندا،
زەریایەکی سپی هەبوو.
لە زەریای سپیدا من و تۆ تەنیا.
گوتم؛ خۆشت ئەوێم؟
چاوت لە ئاسۆ بڕی.
بزەیەک.
کاتی گونجاوی پرسین.
بزەیەکی تر.
شوێنی گونجاوی پرسین.



## ٥

دونیایەک سەوز
دونیایەکی سپی
سەوز و سپی
لە دوورڕا لە یەک ئەسوێن.
لەسەر دوندی شەپۆل
ددانی ئەستێرە.
هەر شەپۆلێک گەرداوێکە،
هەر کەفێکی سەر ئاو دونیایەک.
ئاو، زەریا و ئاسمان دائەشارێ،
تەنیا ئەمەی پێ حەشار نادرێ،
خۆشم ئەوێی
خۆشم ئەوێی.

## ٦

لە هەوا ئەچێ
لە بڵێسە و درەختیش.
بەڵام زۆرتر لە ئاو ئەچێ
عەشقی من و تۆ.
وەک شینایی زامێک
ئێشی نابڕێتەوە
ئاوێتەی ژیانە.
مردووان ئەمرن هەتا ببنە خاک.
من و تۆ ئەمرین و
ئەبین بە ئاو.

٧

زەریای سپی
ڕەش ئەبێ و تاریک
لە دووری دووردا.
ئەمن بەڵام شین ئەمێنم،
شین.
زەریای سپی هەر ئەبێ،
کۆن ئەبێ و دوور ئەبێ،
بەڵام لێوانلێوم ئەمن
لە تازەیی ئەستێرەکان،
زەریای سپی ناتوانێ
جارێکی تر
بخولقێنێ.
من ئەتوانم
جارێکی تر خۆشم بوێی.

## پیس

من تۆ دەناسم،
نیوە شەوێک هاتی،
ڕووت، ڕووت.
لە باوەشمدا پرسی ئاکامی عەشقت کرد.
ڕووناکی دامانیپۆشی.
نەتەوەیەکی تاریک
لە من و تۆوە پەیدا بوو.
حەیوانێک لە ناوەوەی مندا
هەتا بەیانی خۆش بوو، خۆش.



نەبیرەوەری
نەهەست،
ڕوومەتێکی بەر لە مێژوو مایەوە
لەو لای باکوورەوە.
تا بەیانی گریام،
لەگەڵ چی حەیوان و مرۆڤی دەروونمدا
بۆ خۆشەویستی،
بۆ پەشیمانی،
بۆ زەمەنی ونبوو
گریام.

## ئاوەکان لە ئێمە عاقڵترن

ئاوەکان لە ئێمە عاقڵترن،
زۆر پێشتر لە ئێمە
دەبینن، ئێوارە دادێ.
دەزانن ئێوارە
لە هەواوە دادەبەزێ و
دەڕواتە ناخی تاریکییەوە.
وەک ماسییەکی مەزن دەسڕدرێتەوە ڕۆژ.
پەلەوەر بەرەو چیاکان هەڵدێن.
ئاوەکان لە ئێمە عاقڵتر،
سوپاسی درەخت ئەکەن،
نەک مرۆڤ
کەوا ئاسان یەکتر بەجێ دێڵن.
ئاوەکان ئازا و عاقڵ
خافڵ نین لە شینایی

بەو چاوە مەستانەیان
لە نێو نهێنیی مەرگدا
چاوەڕوانی ژیانی خۆیانن.

## سوڵتانی حەیوانات، شەوگارە

شەو،
پادشای هەموو حەیوانەکانە.
سەروباڵی ڕەش،
ددانی لە سپی سپیتر.
بەناو ئەفسانەکانا ئەمانبا
بەناو خوێنی خەونەکانا.
وەحشیترین بیرەوەرییەکان
لە چیاکانی خۆیەوە
بەر ئەداتە سەرمان.
بەر لەوەی یەکترمان خۆش بوێ
زەلکاوەکانی شەومان
پڕ کردووە
لە گورگ و داڵ.

## تەنیا

ئەمن، ئەمرم،
کەس چاوم لێ نەکات.
لە نێو خۆرەتاوا
لە نێو هزرەکانا ئەمرم.
خۆم لە چی جل و
بیرەوەرییە
ڕووت ئەکەمەوە



نوقم ئەبم لە بێدەنگیی ئاسمانەکانا.
ئاسوودە و خەمبار،
چیم هەیە بەم دەستانەم
لە لایەکیان دادەنم،
لە چیاکانا ئاگر بەرپا ئەکەم،
کۆنترین گۆرانییەکان ئەڵێمەوە.
کەس چاوم لێ نەکات،
عەشق و هەتایی بوون
غەریبترین گڵکۆی جیهانە.
لە ئاوێکی بۆن خۆشدا خۆم ئەشۆم،
چێژ ئەگرم لە تاریکی.
شینایی و تاریکی
دوو هەوای سەرمەدین.
من ئەوەندەی خوێنم،
خاوەن عەشقیشم.
هەتا عەقڵ هەتەر دەکات
خۆش و مەدهۆش
من کەسی سێهەم،
ئێوە کێن چیاکان، بەردەکان؟

## فانۆسی زەریا

زنارێک لە کەنارا
ڕاوەستاو بەرەو سینگی ڕووتی زەریا.
زنارێک بەنرخ
ئەوەندەی شەوێکی شین و خۆڵەمێشی.
بەتاریکییەوە دەس پێ دەکا،
دونیایەک خۆشەویستی.

لەولای زنارەکان
فانۆس
چەندە بەرەو شێتەوە
ناتوانێ نا
کڵاو لەسەر چارەنووس بنێ.
لە دوورایییەکی بەریندا
هەورەکان ئەبنە یەک.
لە دوورترین بەندەردا
وێران ئەبێ تەم و مژ.
لە تاریکیی چارەنووستدا ئازار هەڵئەبێ.
لەسەر هەزار کاغەز ئەنووسێ،
لە کوێهە قۆناغی تەمەندای؟
لە کوێی عەشقدای،
لە ڕووناکیی ئەستێرەدا دڵگیر ئەبێ؟
بیرەوەری وەلاوە بنێ.
بڕوانە چلۆن، سەدان ساڵە
لێرە چاوەڕوانە فانۆس.

## خۆپاراستن لە بەرامبەر شەودا

ئەم کابرایە!
لە مێژە مردووە ئەم کابرایە.
کەچی هێشتا نەکەوتۆتە عەرز.
ژیانمان بەخشی بەدرەخت،
ئەرێ دڵێ،
دڵەکەی بۆ کێ؟
ڕەنگەکان
سەوز، چالاکە.



سوور، بەکەڵک نایێ.
زەرد بەردەوام
لە خەودایە.

## شین

درەخت
چلۆن لە گفتی بەرد بگات،
کاتێک کە شینە ئاسمان؟

## هیوای خۆکوژین لە دڵی مندا

لە بۆنی گەڵاکاندا
ئێوارە شاراوەیە.
بەبۆنی گەڵاکانەوە،
هاتنی ئێوارە دەبیسم.
ئەوەیە ئەو کەسە
وا فەنا دیاریی من دەکات،
ئێستا بۆ خۆی ئەبێتە تاریکی و
بەسەر عەرزا ئەکەوێ.
لەسەر هەنیەم نەخش کراوە
لە هەموو ئاوێک
ئاوازێکم بۆ بنێرن
ناوی شەوەق بێ.
ئارامی ئەبێتە کەشتییەک.
شەوگار، زەریا.

# دۆڕاندن لە، ڕێگای ئەستەمۆڵ و ئایندەدا

نیگایەک بۆ شاعیری گەورەی هاوچەرخی تورک

ئەحمەد تەللی

یەکێک لە شاعیرانی بەرجەستەی نەوەی دووهەمی شاعیرانی نوێخوازی تورک، «ئەحمەد تەللی»یە. ئەحمەد تەللی لەو شاعیرانەیە وا دوای نەوەی نازم حیکمەت و ئورهان وەلی و بەر لەوان ئوکتای ڕەفعەت و کەسانی تر لە نێو هەژماری ئەو شاعیرانەدا جێ دەگرێ کە ئیتر سیستەمی بنەڕەت دانراوی کۆماری کەمالیستی تورکیایان بەچاو بینیوە و لە سیستەمی پەروەردەیی ئەو کاتەدا چوونەتە فێرگە و زانکۆوە، کە بیر و ئەندێشەی کەمالیستی و پان تورانیزم لە لووتکەی کاریگەری و سیستەم سازیدا بوو. هەر لەم قۆناغەدا وەکو ئاڵترناتیڤێکی بەهەنە، هزری چەپ و لقە جۆراوجۆرەکانی ئەندێشەی مارکسیزم بەتورکیادا بڵاودەبێتەوە و تەللی وەکو شاعیرێک کاریگەری زۆر لەو بزاڤە وەردەگرێ.

ئەحمەد تەللی لە یەکێک لە زانکۆکانی تورکیا بەناوی ئەنیستیتۆی گازی لقی ئەدەب و زمان، تورکیی خوێندووە. دوای کودەتای عەسکەریی ١٢ی ئەیلول وەکو زۆر خوێندکاری تری تورکیا بۆ ماوەیەکی درێژ خراوەتە زیندانەوە، بەڵام کۆڵی نەداوە و هەتا ئێستاش وەک شاعیرێک دەناسرێت کە سفرەی ڕەنگامەی دەوڵەت چەشەخۆری نەکردووە.

ئەحمەد تەللی خاوەن تایبەتمەندییەکی زۆر سەیر و سەمەرە لە بواری خەیاڵ و ڕوانینی شاعیرانەدا. ڕەنگە بەسانایی بتوانین بڵێین یەکێک لەو دەگمەن هونەرمەندانەیە وا نیگایەکی ستایشی نەبووە لە بەرامبەر ڕابردووی وڵاتەکەیا. بەپێچەوانەی زۆر شاعیری تر کە دیاردەی «ئانادۆڵ» یان فارس وتەنەی «ئاناتۆلی» و ڕابردووی باپیرانی تورک و عوسمانی وەکو بەڵگەی شانازی دەنرخێنن، تەللی نیگایەکی جیاوازی لەم بوارەدا هەیە.

لەو ١٥٢٠ شیعرەی ئەم شاعیرە کە لەسەر سایتە ئینترنێتییەکان پیادەمان کردووە، لانی کەم لە ١٠ شیعردا باسی بەجێهێشتنی شارۆچکە و شار سووتاندن و دۆڕاندن و تەنیایی دەکات.



ڕەنگە ڕابردووی باپیرانی خۆی وەکو تابۆیەک دێنێتەوە یاد کە گەورەترین ئاوازی دەروونناسانەی لە خۆدا حەشارداوە. لە شیعرێکدا کە لەبەر چەن هۆکارێک ناتوانین بەتەواوەتی وەری بگێڕینەوە دەڵێ:

کەس نازانێ دوایین ئەژماری
خۆ کوشتووەکان گەیشتە چەند.
سۆزانییەکان هەر دێن و هەر
زیاد دەکەن.
دەزانی برادەر ئەمانە ئیدی
ڕووداو بەحیساب نایەن،
دەڵێن ئەم شارۆچکەیە کوژرا
دەڵێن چیدی، لێرە
بەهار ناگەڕێتەوە.

لەم شیعرە و زۆر بەرهەمی تریدا «تەللی» وێنەیەکی کورت لەو تابلۆیە پیشان ئەدات وا سەرمایەداری پەیڕەو کراوی تورکیا خوڵقاندوویەتی. تیشک دەخاتە سەر سووچ و قوژبنە دوور و تاریکانە وا رانتەکان و مافیاییەکان بەدی دێنن. سەرەڕای ئەمانەش تەللی هیچ کاتێک نەیویستووە خۆی وەک شاعیرێک بنوێنێ کە تەنیا بیر لە ناوەڕۆکی کۆمەڵخوازانە بکاتەوە و وەک شاعیرێک لە قەڵەم بدرێت کە لە شیعرەکانیدا تەنیا ئاماژە بەدەرد و ئازارەکانی کۆمەڵ دەکات. لە ڕاستیدا تەللی لەو چەن شاعیرانەیە وا بەپێچەوانەی زۆر کەسەوە بەردەوام بیر لە بنەما و فۆڕمی نوێ دەکەنەوە.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی شیعری ئەحمەد تەللی نزیکبوونەوەی تایبەتی خۆیە لە زمان و وشەی تورکی. کەمتر کەسێک هەیە تورکی بزانێ و بەبێ قامووس بتوانێ لە تەواوی وشەکانی تەللی تێبگات، جاری وا هەیە وشەیەک پەیدا دەکات تەنیا لە پەرتووکە کۆنەکانی زمانی عوسمانیدا بەکارهێنراوە. زۆرتر هەوڵی ئەوەی هەیە تورکییەکی تۆکمە و گران بەکار بێنێ هەر بۆیە هەندێک لە شیعرەکانی بەڕاستی لە وەرگێڕاندا تووشی ئاڵوگۆڕێکی زۆر دەبن لە واری مانا و ئەتمۆسفیری هەست و نەستدا.

وەک دەبینین لە زۆربەی ئەم چەن شیعرەی کە بڵاودەکرێنەوە «ڕۆیشتن» و «ناڕازی بوون» چەمکی بەردەوامی شیعرەکانی ئەحمەد تەللی بەدی دێنێ. تەللی شاعیری ئەو

شارەیە وا کاتی خۆی نالی و پیرەمێرد و گۆران و زۆر هونەرمەندی نامۆی وڵاتانی تری بەخۆوە گرتووە، خاڵی سەیر ئەوەیە ئەوەندەی شاعیران و هونەرمەندانی بیانی باسی جوانییەکانی ئەستەمۆڵ دەکەن هیچ کام لەو شتانە لە شیعری «تەللی»دا ڕەنگدانەوەیان نییە. ڕەنگە ئەمەش لەبەر ئەو ڕاستییە تراژیکە بێت کە هونەرمەندانی ڕاستەقینە و خاوەن ئازار هیچ کاتێک نەیانتوانیوە لەگەڵ «کەون» و «بوون»دا مامەڵەی سازشکارانە بکەن. خەم و حوزنێکی سەیر باڵی بەسەر زۆربەی شیعرەکانی ئەحمەد تەللیدا کێشاوە ناوەڕۆکی هەمان قسەکەی سوهرابە کە دەڵێ: «شاری من کاشان نییە. شاری من ون بووە» لە دواییدا دەمەوێ بەم خاڵە ئاماژە بکەم کە تەللی خاوەن دەنگێکی زۆر گەرم و سەمیمییە لە خوێندنەوە و دیکلەمەی شیعردا، بۆیە شریتی شیعرەکانی لە تورکیادا هەر ساڵ لە ڕیزی ئەو بەرهەمانەدایە کە بانترین ژمارەی فرۆش و پێشوازییان هەیە.



## دەبا من و تۆ بین،
## بیرەوەری کۆڵانەکان

دەبا بیرەوەری ئەم چەن کووچەیە
هەر من و تۆ بین.
لە ژێر چ شیروانییەک ماچمان نەکردووە!
با لە هیچ وێستەگەیەک
ڕانەوەستێ ئوتوبوس
با بڕۆین.
با ئێمە بڕۆین و
جوانەوە ببێ ئەم شارۆچکەیە.
دەبێ چەن قامووسی
بێ زەنا زەنا پەیدا بکەین.
شتێک پەیدا بکەین وەکو چەن زەوقی تازە.
چەن حەزی نوێ.
کە ئێمە بێین بارانێک دەس پێ دەکات،
ڕوومەتت هێڵ هێڵ کراو
دێتە بەر چاو
لە چاوی ئەم شووشە هەڵماوییانەدا.
دوایی دێ
تاریکییەکی دوور و درێژ
دار ئاقێقەکان یەک یەک بەرەو پرتوکان!
لە کامە حەسار گوڵێکیان بەناوی تۆوە چاندبێ
دەمەو ئێوارە ئاو دەدرێت.
دەڕۆین،
بەدەم ڕێگەوە سەردانی ماڵە برادەرێک دەکەین،

قاوەیەک دەنۆشین، گەرم ئەبینەوە،
بێدەنگ بێدەنگ
بەهێوری سەرت لەسەر شانم دادەنێی
هەناسەت بۆنی گوڵە ڕێحان ئەدات.
ئێمە دەمێنینەوە
بەڵام باڵندەکان دێن و دیسان دەڕۆنەوە،
لەبەر هەیوانەکانەوە
دەنگی وەنەوشە دێ،
لەوانەیە جوان ببنەوە
ئەو پارکانە وا پەیتا پەیتا ناو دەگۆڕن.
لە نێو ئەو ماڵانە
وا قەت پەردەیان وەلاوە نەداوە،
هەڵدەبێ ڕووناکی و
دێتە گوێ، دەنگی مناڵ.
پڕ دەبێ لە زەوقی نوێ
لە حەزی تازە.
دەبێ من و تۆ بین
بیرەوەری ئەم چەن کووچەیە.
دەبێ باران بێ وەستان دابارێ.
ئێمە دەبێ چەن قاموس پەیدا بکەین.
بەبێ توسقاڵێک زەنازەنا
دەبێ لاولاوەکان دیسان بچرپێنن
پێکەوە دەڕۆین،
ئەگەر ڕۆیشتنێک دەبێ
چەن حەزی تازە پەیدا دەکەین
چەن چتێک کە ڕەنگی خەمیان پێوەبێ.
خەم.



## زستانێکی گەرم

هەر ڕۆژ تێپەڕ دەبوون و
هەر بسکەکانت کورتتر دەکردەوە و
هەر لە بیرمە کە دەتگوت:
هەموو عەشقێک جیابییەکی حەشارداوە،
هەموو جیابییەک
هالاوی مەرحەبایەکی تێدایە.
دەتگوت: «بەردەوام نییە هیچ شتێک،
لە باتی تەمەن، چەن سات هەیە و بەس».
ئەوا ئێستا سەر لە نوێ
بەفرێکی گەرم دەبارێ.
دەبارێ بەسەر دڵی مندا و
ڕاناوەستێ قەت.
ئای کە دەستەکانت چلۆن ڕەق هەڵدێن،
کە دەنگی بەفرینی گەنم فرۆشێک
دیوەکەمان دادەگرێت
هەر دەچێ هەوای پیستر ئەبێ
ئەم شارۆچکەیە.
هەر دەچێ بێ وەستان
بەفر ئەبارێ و
بەفر کوڵ و کەسەری جیابییە
چەندە جیایی ژیاین لەم چەن ساڵەی دواییدا.
بیر لەوانە دەکەمەوە
کە ئێستا دوورە وڵات و پەرت کەوتوون،
کەسێکیان دەڵێ:
«تاسەی دەکەم،

تەنانەت تاسەی بۆنی بەفری وڵاتەکەم»
بەبێ هەوڵی پێناسەکردنی ئانەکان،
تەمەنێکی کورت دادەبڕێن بەباڵامانا.
دەکەوینە ڕێ ئەم شار بۆ ئەو شار
دەڵێن: «هەر دەبێ تاسەی یەکێکیان بکەین
دەبێ تاسەی کەسێک بکەیت.
تەنانەت کاتێ لەلاتە!»
کەوایە هەستە!
هەستە بەرەو ئاینده بڕۆین
یان بەرەو ئەستەمۆڵ
کێ دەزانێ ڕەنگە ئێستاش،
گوڵێکی لە خۆدا حەشار دابێ
تێپەڕبوو لێمان ئەو زستانە گەرمە یان نا؟
بەسەر چوو تەمەن یان نا؟
فرجەمان نەبوو
تەنانەت چاوێک لە ئاوێنە بکەین
ئاوڕمان دایەوە و
لە یەکترمان ڕوانی،
ئەو زستانە گەرمەمان بەسەردا هات یان نا؟
چی دەڵێی؟

## بێ ئیملا

هەر تاقیت کردەوە و، هەر دۆڕاندت.
قەیدی چییە، دیسان تاقی بکەوە،
دیسان بیدۆڕێنە.
س. بێکت



## مات و حەیرانم

وەکو منالێکی هەڵخلیسکاو، کەوتوو.
فێر نەبووم ئیملاکەی چۆنە.
فێر نەبووم چۆن بنووسم،
«بەسەر ڕێگای ڕاستدا تێپەڕ بوون»
وەک چۆن نەمتوانی چاو لەبەر پێم بکەم
وەک چۆن نەمتوانی فێری گریان بم.
هیچ ژنێک خۆشەویستم نەبوو،
دەڵێی من مێرد نەبووم
دار قەفەزی تووتییەک بووبێتم شایەت.
ئەڵبەت هەر لە ژنەکان فێر بووم،
ئەگەر چەن وشەیەکم هەبێ،
بەڵام قەت نەمتوانی فێر بم بڵێم:
«هۆۆۆ خۆشەویستەکەم!»
گەورەیان کردم
بەڵام نەمتوانی کەس گەورە بکەم
عەقڵم نەگەیشت بەڕاستینەی ئاوێنە و ئاو
نەمتوانی ڕوخسار بنوێنم و تێبگەم
بۆچی هەزاران شتی حەشار داوە دڵ
ماتم و گێژ و حەیرانم
نەزانم لەم دونیایەدا.

## دۆڕاندمان

ئێستا کێ ئەوەندەی ئێمە دەزانێ
چلۆنە تامی ژاری مار؟
کێ دەزانێ چۆن چۆنی بەناو جەستەمانا

دەسووڕێتەوە بەرامەی ژار؟
کێ دەزانێ «جیوە» بۆ لە هەناسەی ئێمەوە
سەر ڕێژ ئەکات؟
زانست تۆڵەستێن بوو
کەچی مەزەندەی من و تۆ
وەکو ئاسکێک،
سێبەری بەس لە ئاوەکانی دەدا.
دەزانی چۆنمان بەسەردا تەمەن
ئەو مێژوونووسە نامۆیە
بەخنجەرێکی دەستە کارەبا
لەسەر پێستی جەستەمان
هەموو ڕووداوێکی دەنووسییەوە.
ئێمە لە چالاوێکی کەهانەتدا تاقی کراینەوە
سووتێنران تەواوی ئەو شارانەی
بەجێمان هێشتبوون
بینای یادگار دامەزرا لە جیاتی هەموویان
زەمەن پیرۆز و زاڵم،
کەوتە نێو سیا چاڵەوە،
لە چوڵگەی فوسیل بووی زەینی ئێمەدا
کاتی فێیە، کاتی جینیی بوونە
بۆیە خەون ئەبێ بە مۆتەکە
خەڵکێک، گەلێک
لە بەرۆکی ئەم جوغرافیایەدا ئیتر
منالەکانی خۆی سەر ئەبڕێ
ئێمە دەمانگوت چارەنووس
کەچی ناوی مێژوو بوو،
مێژوو گوڵم،
ئای لە تامی خۆڵەمێش



لە زاری من و تۆدا
ئێستا کێ ئەوەندەی ئێمە دەزانێ
چلۆنە تامی دۆڕاندن؟
چلۆنە سەر ڕێژ بوونی ژار
بەدەم هەناسەی خەمبارمانەوە؟

## چاوەڕوان

کە بەفر بڵاوە دەکات بەهەوادا،
چاوەڕوان بە! کە هەموو شوێنێ
سپی دادەگەڕێت چاوەڕوان بە!
کە ئیدی کەس چاوەڕوانی من نابێ
ئەتۆ، هەر تۆ چاوەڕوانم بە!
ک. سمینۆف

١

چاوەڕوانم بە بچکۆلەکەم، هیواکانم ڕەش مەکە،
مەهێڵە زەوق و شادی هەڵدرن، چاوەڕوان بە!
دێمەوە ڕۆژێک دێمەوە، چاوەڕوان بە چاوەڕوان!
لە بێدەنگی سارادا
گوێ لە دەنگی دڵت بگرە،
لە دڵتدا هۆدەیەکی بچووکم بۆ دابنێ و چاوەڕوان بە.
سروشت نەختێ نەترسە
لە شوێنی هەرە مەحاڵ
ڕەنگە ئاوێک هەڵبچێ، شینی شین.
لە سینگ و بەرۆکی ئاودا چی دەبینی،
نیلوپەڕ، نیلوپەڕی خوشی.
بەهار حەیرانت دەکات.
سێبەرێکی درێژ وا بەسەر شانی ئاوەکانەوە،

گوێ بگرە لە دەنگی باڵندەکان و
چاوەڕان بە چاوەڕوان!

٢

نەختێ خەمبارە گۆرانییەکانی بەندیخانە.
کە گوێی پێ دەدەی
جەرگت گینگڵ دەدات،
بەهێوری خەم تیایدا ڕۆ دەچێ
بەڵام خوو ناگرێ بەئازارەوە،
هەندێک شت بۆ خۆی دەگۆڕێ و
هەندێ شت
هەر دەبێ من و تۆ بیگۆڕین
وەرە لە ئازارەوە دەس پێ بکەین
«پێنج ساڵ و دە ساڵ بەزار ئاسانە،
لەم شەڕەدا زۆر داخاوێنێ»
تۆ وەرە و هەر شوانی ژیان بە
شوانی کاریلەکانی خۆشی و پێکەنین
وەرە چاوەڕوان بە!
ئازارەکان دوایی دێن،
گوڵی خۆشەویستی هەر دەبێ بپشکوێ.
وایە خەمبارە گۆرانی لە بەندیخانەدا
بەڵام ئەتۆ
هەر چاوەڕوان بە
چاوەڕوان!

٣

ڕەنگە ڕۆژێک
ببینی ئەمن هاتووم
لە زستانێکی مەحشەریدا



ئاڵۆشاو ئاڵۆشاو
ڕاوەستاوی لەبەر بای نائارام
ئامان پێت سەیر نەبێ گوڵم
دەستەکانت وەکو پاسارییە سەرما بردووەکان
نە لەرزن
لە ناکاو دێم
زستان بێت
قات و قڕ بێت
قیامەت بێت
هەر دەبێ بێم
لە نێو نەڕڕەی بادا
ئەم بەفرە سەرشێتە نەتترسێنێ.
ناوی تری چاوەڕوانی
ڕاوەستانە
بچکۆل
ئەتۆ گۆرانی بلێ و بزە بگرە
لە ڕووباری دەنگی تۆدا
سارای هەموو تاسەکان
سەوز دەپۆشن
چاوەڕوانم بە بچکۆلەکەم
هیواکان ڕەش مەکە
خۆشییەکان مەفەوتێنە
هەر دەبێ بێمەوە ڕۆژێک
چاوەڕوان بە چاوەڕوان!

# نۆستالۆژیای دراوسێ

خوێندنەوەیەکی کورتی چەن شیعری ئاتیلا ئیلهان

ئەوەی کە ڕۆژهەلاتناس بێ، دەزانێ کە ناواخنی بیر و بڕوا و هەست و نەستی دانیشتوانی ئەم کەوانە زێڕینە، بەیاد و خۆزگە و تامەزرۆی دوێنێکانەوە بەستراوەتەوە. ئەمن زۆر نوێخوازیم لە دوێنێدام، تۆ هێشتا لە پێرێدا ماویتەوە، ئەو ساڵی پێشووی پێ خۆشترە و هتد.

کەوایە ئێمە زۆر لە لامان دژوارە، لە ئێستادا بژین و نەخوازەڵا بیر لە دیاردەیەکی تەماوی و نادیار و کەس نەزان بکەینەوە کە ناوی ئایندەیە. ئایندە؟ وایە وشەیەکی سەیرە، کەسمان واتاکەی نازانین. تەواوی گۆرانییەکان و شین و شەپۆڕ و حەیران و بالۆرە و ستران و بەیتەکانمان، باسی «ئەوان» و بەسەرهاتی «پێشوو» دەکات.

دیارە تەرمی ئەم تابۆیە بەم زووانە لەسەر ملمان دانابەزێ و نانێژرێت. ئەمە لایەنێکی ئۆبژەی ڕۆژهەلاتی بوون و ڕۆژهەلاتییانە بیر کردنەوەیە. دیارە پێویستی بەکوتن نییە کە ئەم یاردە چەندە خەسار و زەبری لە پەیکەرەی بنج و باریکی ژیانمان داوە. هەڵچەقین لە ئاسانەی دەروازەکانی دوێنێ و پێرێدا، گوزارەیەکی زۆر ئاشنای تەمەنی بەسەرچووی ئێمەیە. مۆرکی ئەم چەشنە ڕەوت و ئاکارە سەلەفییانەیە بەسەر هەموو شتێکی ئێمەوە دیارە. لە کار و هزر و بوونمانەوە بگرە تا خولیا و سیاسەت و پەروەردە و مێژوومان دیارە ساناترین و گەمژەترین شێوەی هەلاتن لەم درمە، هەر ئەو ڕوانگە تەسلیم کارانە و «دترمینستی»یە کە دەڵێ: ژیانمان هەتا دەچێ تاڵ و تاڵتر دەبێ، بۆیە داهاتوومان نییە و ڕابردوو بەردەوام لە لامان شیرین و شیرینتر دەبێ!... ئەمە تەنیا بەهرەی هزر و هونەری ئێمە کوردەکان نییە. کە جوان چاوی لێ بکەین فارس و عەرەب و تورکیش هەر وایە، ڕەنگە چەن جیاوازییەکی زۆر کەم لە ئارادابێ، یان ڕەنگە چەن دەنگێکی زۆر دەگمەن بووبێ و هەبێ کە ڕەوایەتی ئێستا و داهاتوومان بکات، بەڵام پاش ناوی هاوبەشی تەواوی دانیشتوانی ئەم گەورە ماڵە، هەر نۆستالۆژیا و نۆستالۆژیایە.

دیارە خەسارناسیی ئەم چەشنە ڕوانین و ژیان بەسەر بردنە زۆرتر لە ئاقارەکانی هزر و زانستە ئینسانییەکاندا دەس ئەدات، چونکو لە وێژە و هونەردا بابەتەکە بتەوێ و نەتەوێ



بەشێوەیەکی تر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. ئێمە لێرەدا، پەساپۆرتێکمان بەدەستەوەیە کە ئیزنی ئەوەمان پێ ئەدات سەر بکەینە هەموو وارێکەوە و کەس لەبەر خاتری ڕوانینی نوستالۆژیکیمان، بەسەلەفی بوون تاوانبارمان نەکات، ئەوەش پەساپۆرتی جوانی ناسینە، کە بەڕای من تەواوی لەمپەر و دیوارەکان و تەواوی ئەو سنوورانە کە لۆژیک و ژیانی ژیرمەندانە دابینی کردوون تێک ئەدات واتا نۆستالۆژیای دونیای شیعر و چیرۆک – بەتایبەتی چیرۆک– بابەتێکە هونەری، کە زۆر ئاستەمە ڕەخنەی هزریی لەسەر بکرێت، بەڵام کاتێک ئەم دیاردەیە ببێتە ڕەگەزی پایەدار و سەرمەدیی هەموو بابەتێکمان، ئەو کاتە ڕەخنەگرتن ڕەوایە. واتا، مادام باس لە ناوەڕۆک و ڕەچەڵەکی فکری دەکرێتەوە، دەق دەتوانێ پابەندی دۆستالۆژیا بێ یان نەبێ، بەڵام کاتێک ڕامانی دۆستالۆژیک ئەوندە تۆخ و گشتگیر ببێتەوە، کە یەکسەر بیچم و ئەزموونی شێواز و ڕێبازی دەق لە خۆوە بگرێت، ئەوا دەبێ خەسارناسانە بخوێنرێتەوە.

ئەوەندەی لەگەڵ شیعری تورکیدا ئاشنایەتیم پەیدا کردووە و لە شاعیرانی کۆن و نوێیان، بەرهەمم خوێندووەتەوە یان وەرمگێڕاوە، ئەم خاڵە زۆر سەرنجی ڕاکێشاوم کە هێڵی هاوبەشی تەواوی ئەو شاعیرانە یادی دوێنێ و بەسەرچووەکانە ئەگەرچی لە بەدیهێنانی دوایی بەرهەم و شێوازی مامەڵە کردن لەگەڵ بیچمدا هەرکام لەو شاعیرانە خاوەن مۆرک و ئیمزای تایبەتی خۆیانن بەڵام بەڕاستی هەر هەموویان ڕەگەزی زەق و لەبەر چاوی بەرهەمەکانیان ئەوەیە کە بەردەوام بەهەشت لە دوێنێدا بووە و ئێستا لەسەر کاولییەکانی بەهەشتی دوێنێ، ژیان تاڵ و پڕ لە نامورادییە.

ئاتیلا ئیلهان، ڕەنگە یەکێک لە بەناوبانگترین شاعیرانی ئێستای تورک بێت کە سەرەڕای ئەوەی لەلایەن بزاڤە چەپ و دیموکراتەکانی تورکیاوە، ئەتکێتی فاشیست بوونی لێدراوە، بەڵام بەردەوام لەناو هەموو چین و توێژێکدا شیعرەکانی دەساودەس گەڕاوە هیچ کاتێک کۆن نەبووە. ئیلهان زیاتر لە ١٠ نامیلکەی شیعریی هەیە کە هەرکامەیان پرۆسەیەکی دیاری پێگەیشتن و تێگەیشتنی زەین و زمانی شاعیرانەی دەخەنە ڕوو. لە یەکەم بەرهەمەکانیدا وەک زۆربەی شاعیرانی شەستەکان و حەفتاکانی تورکیا، دەردی کۆمەڵگا و چینی بن دەست، بەشێوەیەکی زەق و ڕۆتین لە شیعرەکانیدا ڕەنگ ئەداتەوە، بەڵام دواتر کەڵکەڵەی شێوازی نوێ و بیری فورمالیستی لەلای بەرجەستە دەبێ، وە لە دوایین کتێبەکانیدا زیاتر لە هەموو شتێک هەوڵدان بۆ گەیشتن بەسەرکەوتن لە «زمان» و بونیاتنانی تایبەت بەرجەستە بۆتەوە.

لەم چەن شیعرەی ئاتیلا ئیلهاندا کەش و هەوایەکی «لیریکی» جیاواز و شاراوە بەدی هاتووە کە وێنەکانی لە شیعری ئێمەدا کەم نییە، بەڵام وەک دەبینین مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ «هەستی» و زەینی خۆیدا زیاتر لە هەموو شتێک «ڕیسک»ێکی بەردەوامە، بۆ «بەشیعر کردن»ی واقیع.

هیوادارم لە داهاتوودا چەن شیعری درێژی ئاتیلا ئیلهان کە دوایین ئەزموونەکانی نەوەی دووهەمی نوێخوازانی شیعری تورکی دەخاتە ڕوو، بخەمە بەر چاوی خوێنەران.



## چوار شیعری شاعیری هاوچەرخی تورک ئاتیلا ئیلهان

### ئیتر، زیزم ئەمن

منیشیان تێک شکاند،
شکانی دەروون.
لە شووشەکانی تاریکیدا، ئاو دەچوو.
کاتژمێر
لە بۆشاییەکی پڕ لە برووسکەدا
لێی دەدا.
منیشیان تێک شکاند
بەڵکو تەنیا بوون
یان ڕەنگە ئەوانیش
بێ منداڵی ژیا بوون.
لە بەرامبەر هەموو گۆرانییەکانا
داخراو بوون.
شۆڕە کچێک، قژیانی تێک نەدابوو.

منیشیان تێک شکاند
وایە ئیدی
زیزم ئەمن
بارانەکانیان
بەسەر دار و دەوەنما داناباری و
لە ئاوەکانیان نانۆشمەوە،
[تینووم بەڵام]
منیشیان تێک شکاند.
مەرگێکی سارد

وەک چەقۆی ناکاو
چەقێنرا بەئەقڵمدا،
کەچی هێشتا گۆرانیم ئەمن
لە زایینی بەردەواما.
ئەوان داخراو بوون
لە بەرامبەر گۆرانییەکان

## تۆ هیچ شتێکی منی

هیچ شتێکی منی،
زۆر پەستتر لە نووسراوەکانم.
تۆ هیچ کەسیت یان چیت،
نازانم من.
لە ڕادەی پێویست
زۆر سپیتری.
تۆ
هیچ شتێکی منی.
بۆ تێگەیشتن نابێ
بوون و نەبوونت.
دەشێ لە لای بەندەرە کۆنەکە بیت
وەک چۆن دیتنەوەی ئەستێرەیەک
بوون بەئەستێرەیەک بۆ تەنیاییم،
تۆ بەلێوانت لەسەر هەڵمی شووشە داتنابێ،
زۆرتر لە هۆتێلەکانی پاییزدا
دۆزینەوەی کچە زانکۆییەک بۆ خەو
قاتڵی تەنیایی بێ و
بترسێ لە ڕۆژ



گوێی بەردەوام لە زەنگی تەلەفۆن بێ.
تۆ هیچ شتی منی
قەت ماچ و دڵاری نەکردنی منی
لە لاپەڕەی هێشتا نەنووسراوی ڕۆمانێکدا.
کێیت، چیت، نازانم.
تەواوی هاوارەکانت نەیانتوانی
ئەم پرسە بسڕنەوە
خۆ شەمەندەفەرێکیش نییە،
هەتا لە پەنجەرەکەیەوە...

تۆ هیچ شتی منی
وەکو گۆرانییەکی بیانی،
نیوە چڵ.
تەڕ وەکو دارێکی باران خواردو و،
هیچ کەسیت
چیت
نازانم
لە نێو خەونمدا ئەو کەسەی
بەدەنگی منداڵیمەوە
بانگم لێ کردووی
بەدەم گریانەوە بەدواتا هاتووم
تۆ
هیچ شتی منی.

## من، ناچارتم

ئەمن ناچارم بۆت،
ئەتۆ نازانی،
ناوت وەکو بزمارێک
دراوەتە شانەکانی زەین.
گەورە ئەبی و
چاوەکانت مەزنتر ئەبنەوە.
ناچارم بۆت، چوزانی تۆ.
دەروونی خۆم
بەتۆ گەرم رائەگرم.
دارەکان تەیارەکی پاییز ئەگرن
ئەم شارە هەر ئەو ئەستەمبولە کۆنەکەی خۆمانە؟
هەورەکان لە تاریکیدا بڵاوە دەکەن
چرای خیابانەکان پێکەوە ئەگرێن.
لە پلیکانەکاندا بۆنی باران دێ.
من ناچارتم،
تۆ نیت.

خۆشەویستی هەندێ جار
پیس ئەمترسێنێ.
مرۆڤ لە ناکاو ئێوارەیەک،
ماندوو دەبێ لەوەی
وەک تیخێکی دیل بژییێت
هەندێ جار جەزبە، دەستەکانی ئەشکێنێ.
چەن ژیانی تر دەردێنێ لە زیندوو بوونی تۆدا.
کام دەرگا لێبدا



تریشقەی خوکی تەنیایی، دێ بەدوایدا.
دەنگی گرامافۆنێکی هەژار بڵاوەدەکات.
بەستەی هاوینێک لە کۆنترین کاتەکان لێ ئەدات
لە سووچێکدا گوێی بۆ ڕاگرم
ئەگەر ئاسمانێکی بەکار نەهێنراوی تازەت بۆ بێنم،
حەفتەکان لە نێو دەستمدا لاوازتر ئەبنەوە
چی بکەم و نەکەم بۆ هەر کوێیەک برۆم
من ناچارتم،
تۆ نیت.

## چییان پێ کردی؟

ئەو بەیانییە وە دەرکەوتبووی
یان ڕۆژێک پێشتر؟
وەک بلێی بەسەر زاری چەقۆوە برۆی
ئاوەها بەلەنجە بووی.
ئێستا سەرمای ئاسن
لە هەناسەتدایە و
تاریکن چاوەکانت.
کە تۆم بینی
شەرمم کرد لە ئازادبوونی خۆم.
ئەرێ تۆ چی ئەخۆیەوە
چا، یان قاوە؟
زۆر گۆڕاوی
بەیەکجاری نەتمناسی.

بسکەکانی درێژ بوون

دادەڕژان بەسەر شانتدا،
کاڵ کاڵ دڵمان فێنک دەبۆوە.
بەپێکەنینت سەد مانگ
لە دەروونمانا لە دایک دەبوون.
لەو دیوی چیا نەبینراوەکانا
بێهوودە گەڕام بەدوای بزەی تۆدا
ئەو بەیانییە وەدەرکەوتبووی
یان ڕۆژێک پێشتر؟
زۆر گۆڕاوی
بەیەکجاری نەتمناسی.
چا، یان قاوە؟
شقارتەم پێ نییە نا،
ها، تۆش دەستت بەجگەرە کرد؟
دەستەکانت بۆ ئەلەرزن؟ چیتە؟
پێشتر کچێکی وا نەبووی.
چییان پێ کردی چی؟
پەیتا پەیتا برژانگەکانت تەڕ ئەبن
چیتە؟
ئەو بەیانییە وەدەر کەوتبووی
یان ڕۆژێک پێشتر؟
زۆر گۆڕاوی بەیەکجاری
نەتمناسی

# بەدەریای دەبەخشینەوە،
# ئەو ماسییانەی گرتبوومان!

نیگایەک و چەن شیعرێک
لە شاعیری هاوچەرخی تورکیا
یوسف خەیاڵ ئۆغلۆ

شاعیر، پەیکەرتاش، وێنەکێش و مامۆستای بەستەی مۆسیقا، یوسف خەیاڵ ئۆغلۆ لە کوردەکانی شاری ئەرزەنجانی کوردستانی تورکیایە. شاعیرێکی بێ کتێب، کە تەنیا بەشریتی دیکلەمەی شیعرەکانیەوە سەدان هەزار هۆگر و گوێگری پەیدا کردووە. یوسف لەو شاعیرانەیە کە لە تورکیای ئێستادا و لەناو چینی لاو و کرێکار و بەشێکی زۆر لە چەپەکاندا لایەنگری فراوانی هەیە. لە کۆمەڵگای تورکیادا -کە وەکو بەراورد دار و باری خوێندن و نووسینیان زۆر چاکتر لە ئێمەیە- دیاردەی حەزکردن لە هونەری زیندوو واتا هونەرێک کە لە ئێستادا ژیان بکات، لە ئاستێکدایە کە لە ماوەیەکی کورتدا هەندێ هونەرمەند بەسانایی لە دڵی خەڵکدا جێی خۆیان دەکەنەوە- ئەڵبەت مەبەست هونەری پەست و کارەبایی نییە- یوسف خەیاڵ ئۆغلۆش یەکێک لەو کەسانەیە کە ئاوەها شانس و ئیقباڵێکی هەبووە. شایانی گوتنە ئەم شاعیرە تەنیا بۆ خوێندنەوە و بڵاوکردنەوەی ٩ شیعر سەد و بیست و پێنج هەزار دۆلاری وەرگرتووە!

ناوەڕۆک و موتیڤی زۆربەی شیعرەکانی یوسف، نامورادی و سەرنەکەوتنە. ئەمە چەمکێکی ئاشنایە بۆ ئەو کەسانەی کە مێژووی هاوچەرخی تورکیا دەناسن. ڕەنگە خەمی سەرنەکەوتن و خۆلاواندنەوەی بزاڤی چەپی تورکیا یەکێک لەو موتیفە بەردەوامانە بێت وا لە هونەری هاوچەرخی تورکیادا بەبەربڵاوی ڕەنگی داوەتەوە. ئەوەی وا لە شیعرەکانی یوسفیشدا دەبینرێت هەر ئەمەیە. بەگشتی وەک دواتر لە شیعرەکاندا دەبینین، شیعرەکانی یوسف زۆرتر لە ڕواڵەت و ئازارە ئاشنا و دیارەکانی ژیان باس دەکات و خاوەن ئەو چەشنە قووڵایی و شاراوەیی مانایی و بارە فەلسەفییە نییە کە ئێمەی کورد و ئێمەی ئێرانی



چاوەڕوانی دەکەین. لە ڕاستیدا ئەگەر بمانەوێ بەراورد بکەین لە ئەدەبی ئێستای تورکیادا خەیاڵ ئۆغلو و هاوڕێکانی بەسەرکەوتنێکی مەزن گەیشتوون کە کاتی خۆی لە ئێراندا سەید عەلیساڵحی و کەسانی وەکو ئەو پێی گەیشتبوون.

دوای ئەوەی خوشکی یوسف شووی بەگۆرانی بێژی مەزن؛ ئەحمەد کایا کرد، زۆربەی شیعرەکانی یوسف لە لایەن ئەحمەد کایاوە کران بەگۆرانی و دۆستایەتییەکی قووڵ لە نێوان ئەو دوو هونەرمەندەدا بەدی هات. ئەخمەد کایا دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٢ی زایینیدا لە کۆڕێکی هونەریدا پیاوانە هاواری کرد «ئەمن کوردم کورد، کوردبوون شاردنەوەی ناوێ» کەوتە بەر مەترسی حەپس و تەنانەت هەڕەشەی کوشتن لە لایەن فاشیستەکانی تورکیاوە هەر بۆیە لەگەڵ «گوڵ تەن»ی خێزانی خاکی تورکیای بەقاچاخی بەجێهێشت و لە پاریس گیرسایەوە، دوای ماویەکی کورت لەوێ لە دەرد و غوربەتدا گیانی لە دەست دا و لە گۆڕستانی «پێرلاشێز»دا بوو بەدراوسێی یەڵماز گۆنای و سادق هیدایەت و زۆر هونەرمەندی تر. ئەم کارەساتە کاریگەری زۆزی لەسەر یوسف خەیاڵ ئۆغلۆ دانا و لەو کاتەوە هەتا ئێستا بەستە و گۆرانی بۆ کەس نەنووسیوە.

وەک ئاماژەی پێدرا یوسف جیا لە کاری شیعر بەپەیکەرتاشین و وێنەگرییەوە خەریک دەبێ. زۆربەی کارەکانی کەش و هەوایەکی ڕۆمانسیی هەیە. لەم دواییانەدا هاوڕێ لەگەڵ چەن هونەرمەندی گەورە و بەناوبانگ وەک «ئەحمەد تەللی» شاعیرەی گەورەی تورک، پڕۆژەیەکی ئانتۆلۆژی بەناوی «هاوڕێیانی سوڵتان پیرعەبداڵ» دەست پێ کردووە. سوڵتان پیر عەبداڵ شاعیر و عارفی گەورەی تورک، کەسێکە کە لە مێژووی تورکیادا هاوسەنگی «شێخ شەهابەدینی سوهرەوەردی»یە هەر هەمان ئەنجام و عاقیبەتی ئەویش بەسەریدا هاتووە.

بۆیە لە تورکیادا وەک قارەمانی حەقیقەت و مەزنایەتی ڕۆحی دەناسرێ. یوسف خەیاڵ ئۆغلۆ هەوڵ ئەدات لەم پڕۆژەیەدا لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ئەو شێعرانەی کە بۆ پیر سوڵتان نووسراون هەلێکی لەبار و گونجاوتر بڕەخسێنێ بۆ ناساندنی ئەو زاتە گەورەیە.

ئەوەی ئێستا لە زۆربەی ئەو وتارانەی سەبارەت بەکارەکانی یوسف دەنووسرێن ئەم ڕاستییەیە کە یوسف بەڕاستی لە سەرەتای کاری شاعیری خۆیەوە واتا ئەو سەردەمەی کە بەناچاری و لەبەر بێ پووڵی تەنانەت گۆرانی بۆ ئیبراهیم تاتلیسەس دەنووسییەوە، هەتا ئێستا کە خاوەن جێگە و ڕێگەی تایبەتی خۆیەتی هیچ کاتێک پشتی گەلی چۆڵ نەکردووە و بەشاعیری گەل دەناسرێ. لە دواییدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەخاڵێکی

گرنگ بکەم کە ڕەنگە لە خوێندنەوەی ئەم شیعرانەدا زانینی بێهوودە نەبێ، ڕەنگە لە خوێندنەوەی دەقی کوردیی ئەم شیعرانەدا ئاوەها هەستێک بەدی بێت کە ئەو شیعرانە لەبەر ئەوەی ئاماژەیەکی زۆری بەقوولایی مانا و دەروون و بارستایی فەلسەفی نییە بایەخێکی وایان نییە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم شیعرانە هەر وەکو شیعری زۆربەی ئەو شاعیرانەی کە بەڕەوت و شێوازی شیعری «گفتار» کار ئەکەن، لە وەرگێڕاندا بەشێک لەو چێژە تایبەتە وا لەبەر دینامیزمی ئەمڕۆیانەی خۆیان هەیانە لە دەست دەدەن کە وایە جگە لە شیعرییەتی شیعرەکان دەکرێ بیانووی وەرگێڕانی ئەم شیعرانەش لەم ڕوانگەیەوە چاو لێ بکرێ کە لە وڵاتێکی پەنا دەستی ئێمەدا کە بەقەدەر نیوەی ئێمە خاوەن دەوڵەمەندی چاندی و مێژووی ئەدەبی نییە شاعیر چەندە گوێ ڕادێری هەیە و شیعر چەندە زیندووە کەچی مخابن لە وڵاتی ئێمەدا تیراژی زۆربەی کۆمەڵە شیعرەکان لە ٢٠٠٠ دانە تێناپەڕن.



## گوڵێکی سوور، نەرم و نیان

ڕاچڵەکام،
بەتۆوە خەونم ئەبینی،
سەرانسەر دیوار،
پاشان ناوی نهێنی و یاساوڵی شەو،
با،
دەردی بێ دەرمانی دڵ.

ڕاچڵەکام،
خەونم بەتۆوە دەبینی، ئەی یار!
ئەی لای چەپی سینگی خۆم!

کە ئاو لیخن دەبێ،
دەنگی تۆ دەدڕێ لە مەیداندا،
یەک هاوڕێت
بۆ نامێینێ تەنانەت.
لە تەمەنێکی پێچراوەدایە ڕابردووت،
ئەگەر بێیە دیدارم چی دەبێ.
جا گوڵێکی سوور، گوڵێکی نەرم بێ
لە نێوان لێوەکانتدا.

خەمت نەبێ
باشم ئەمن.
جار و بار مەحشەر و
گاگا تامەزرۆی ژیان.
جار و بار نامەکان و

گاگا حەسرەتی ئەوەی
بەلآیەک بەسەرتدا بێ.

خەمت نەبێ،
ئەمن چاکم، ئەی یار!
ئەی تۆ تەماکۆی زەردی گشت خەمەکانم.

کە خوێن لیخن دەبێ
لە ئاگر بارانا ڕوومەتت سوور ئەبێتەوە،
ئاگر لە بێشەلانی قژت دەگرێ،
لە دوتۆیی حوکمێکی ناچارییا،
بێیە دیدارم چی دەبێ،
با گوڵێکی سوور،
نەرم و نیان بکرێتەوە
لەسەر گۆنای من.

## وایە دەڕۆم

شیننامەی خەیاڵ ئۆغلۆ
لە مەرگی ناکاوی «ئەحمەد کایا»دا

وایە دەڕۆم
دەڕۆم تا بزانن تەمەنم کردە خەلات
لە باتی عەشقێک
بەبێ تۆسقاڵێک پاداش.
دەڕۆم تا بەنسیبی خاک بێ چیرۆکی من.
کێ پەیدا دەبێ پەیکەری ماندووی غوربەتم
بەرەو قووڵایی گوڕ دابەزێنێ؟



ئەم تاوانە گەورەیە، کێ دەیگرێتەوە ئەستۆ؟
دەمێنن چاوەکانم،
جەرگم،
لەم شارە بارانییەدا.

وایە دەڕۆم، هەڵمگرن!
هەڵگرن جەنازەکەم!
هیجرەت، هیجرەتم لێ دەمێنێ.
سەدان ساڵە دەمهەوێ
ئەو گۆرانییەتان بۆ بڵێم،
کە دەنگی خۆی لێ ون بووە.
دەمویست بەشەفەقەتی بای بیابان
سەرەتای بسک ماچ بکەمەوە،
تەنیا گۆرانییەک ئاوارە بوو لە دڵی سەدان هەزار ئاوارەدا،
بەڵکو بەردەوام لە وێندەرێ لە مەحشەر
پێکەوە بیلێینەوە.
دەزانن چەندە خۆشم دەویستن،
کە وایە چۆن دەبوو گەیشتن بەم ئەنجامە.
چۆن چۆڵ کرا گوڵستان و بێسانی
ئەو شوێنەی کە دەمگوت: «واری منە»؟

وایە دەڕۆم
هیچ کامەتان
بەهیچ زمانێک لێم تێنەگەیشتن.
ئەمن سەری خۆمم داو
ئێوەی بێ ئینساف

لە ئاهەنگی لینچ کردنمدا
هەر بەتەماشا ڕازی مانەوە.

وایە دەڕۆم
لە دونیایەکی بێ پەنجەرەوە
بەرەو لابیرێنتی کەس نەزان.
دەڕۆم وایە،
«دەتوانی جیایان بکەیتەوە
ئەو ئەستێرانەی وا
کەوتبوونە نێو بسکتەوە.»
ئاخرەکەی دڵی خۆمم دا بەدەستەوە
ڕاسپاردەی ئەو گۆڕانییە حەرامزادەیە
کە ناوی مردنە!
نەجاتت بوو لە من،
خۆت خۆش ئەی تورکیا!
هەبوون باز، هیوایەک
بۆ خۆم، بۆ خاک
دەشێ درێژەی هەبێ
لە لای ژنەکەم،
لە کۆڕی دۆستان
لە گەمەی منداڵانما.

قەڵشا دڵی من.
قەڵشا سازەکەم،
دیاریتان دەکەم ئەو دڵەی وا لە خۆتانم ئەستاندبوو.

چ حەپسێکە خودایە؟



چ سرڕێکە بەیانی بەیانی،
نوقمی تەم و مژ بوون؟
دەبوو هەر تۆ دوا فیشەک بەدڵمەوە بنێی،
ئەی پاریسە جوانەکە؟!
قسەی ئاخر؟
نا شتی وام پێ نەماوە.
چیتر بڕوام نەمابوو، تەنانەت بەم ژیانە بێ وەفایەش.
لێم گەڕێن هەر چۆنی دەڵێن با وا بێ!
با وابێ چاوی من!
مەگەر هەر شاعیرێک بەناوی خەیاڵ ئۆغڵۆ
چەن دێڕێک بنووسێ و
هیچی تر.

## چیت پێ دەکرێ؟

نە ئازار ڕادەوەستێ نە باران
دڵدار ئەگەر پێبکەنێ هەموو شتێک لە بیر ئەچێتەوە.
بێدەنگین بەم سەر ئێوارەیە،
سووتاوی حەسرەتین،
چیت پێ دەکرێ؟
ئەگەر ڕۆژێک، تەنیا ڕۆژێ لەم عەشقە خەمناکە
بەجێ بمێنێ، هەر ئەو خەمە دەمێنێتەوە.
ئاخرەکەی تۆش تێگەیشتی
کە چەند تاق و تەنیاین.
وێک گەیشتنمان یاساغە و
هەتا یەکتر ببینین زۆری پێ دەچێ،
سەرمان ئەسووڕێتەوە وەک قەدەحی سەراوژێر کراو.
چیت پێ دەکرێ؟

هۆ جوانێ!
دەڵێی دەنگی بارانیان جنیبوو
هەستی گۆناکات وای دەگوت.
پەیڤێک بۆ ماڵئاوا،
بسکەکانت،
ماچێکی بەیاو و لەرز،
هەناسەت بڕ ناکات ئەم ساتە دیسان ببەیە دواوە
وەکو سەحنەی فیلمێک
جیایی دەجمێ و بەلافاو دەڕوا
چیت پێ دەکرێ؟
ئێمە لە هیچ ڕۆمانێکدا
ژیانی خۆمان نەدیتەوە.
چی گۆرانییە، ئێمەیان بەهەڵە ناساند.
جەدوەلی چی ڕۆژنامەیە بەنیوە چڵی مانەوە،
تاق و تەنیا بەکۆڵانا
لەسەرما ڕەق هەڵاتین،
کەچی تەنانەت ئەو ماسییانەی گرتبوومان
جارێکی تر بەدەریامان بەخشییەوە،
ئێمە هیچ هەڵەیەکمان نەبوو
تەنانەت ژیانمان هەڵە نەبوو، کەچی...
چیت پێ دەکرێ؟

شیاوی ئەم ئەنجامە نەبووین ئێمە.
نەدەبا ئاوەها تەمەنمان تالان کرێ،
جار جار باران لێمان ئەدا هەندێ جار ئازار،
کوا پێکەنین دیارە بەڕوومەتمانەوە؟
کوا میلیمێک بەرزتر بوون گوڵی گوڵدان و باخچەمان؟



هەر ئێوارەیە
باوەشمان بۆ ئەکاتەوە،
دەزانی ڕێگەمان قەت بەبەیانی نەدەبڕایەوە.

ڕۆژێک لە کۆتایی ئەم چیرۆکەدا،
ئەگەر بێ شەرمانە بڵێم: لای تۆ خۆش!
فەرامۆشم دەکەی
فەرامۆشییەک بەناچاری
ئەستێرەکان دەکوژێنەوە،
ئەم وێنەش تەواو ئەبێ
یادەوەری بازە ڕۆژێک وادەکا بگری بەکۆمەڵ،
بێدەنگ بێدەنگ بگری.
چیت پێ دەکرێ؟

هۆ گیانەکەم!
کە فرمێسک بەپێ دزکێ
دێ و دێ
هەتا دەڕواتە نێو زارەوە
چێژی خورماڵوی هەیە.
لە دەروونتدا مەزاری عەشقەکان،
جیایی،
لە مەرگ زیاتر دەژمێردرێن.
دەنگت ناگات هەتا ئەوەی کە دەڕوات ڕاوەستێنی.
وەک داگەڕانێک لێوڕێژ ئەبێ لە پەشیمانی.
چیت پێ دەکرێ؟
ئێمە نەمانئەتوانی درێژە بەم عەشقە بدەین
بڕوا بکە نەمانئەتوانی

کوا دڵمان بەرگەی دەگرت.
هەر بەتەنیا دەردمان بۆ مایەوە بەتەنیا باران
ئەگەر فەرامۆشیش نەکەی وا پیشان ئەدەی
کە هیچت لە بیر نەماوە.
ئەتۆ هەتا هەمیشە
وەک شیعرێکی ناتەواو
لەو کاغەزانەدا دەمێنییەوە
کە گلۆڵەی دەکەم، فڕکی دەدەم و
سەر لە نوێ...

## هەوای ماڵئاوایی

کاتەکەمان تەواو بوو، ناچارم بەجێت بێڵم
دابڕاو و لە تەواوی عادەتەکان
دابڕاو لە هەموو سەر سەری بوونێک
ژیانێک هەڵدەبژێرم بۆ لێکدانەوە نەبێ.
بڕوام پێ بکە نەتێر بووم و نەڕازی بووم
لە تەواوەتی عەشق.
دەڵێی شەوانی ترسناک دەژمێرێ،
ئەستێرەیەک لە شەوی بوومەلەرزەکەدا.
دەڵێی سەرانسەر دەهەژێ، دەستەکانم ڕزگار ئەبن لە دەستی تۆ
وشکە لقی دارێک جیا دەبێتەوە، دادەکەوێ.
ئەوین؟ ئەوین تەواو بوو گیانە!
گوڵ؟ قەت بینمان پێوە نەنا.
خۆت پەیدا بکە، شەپۆلانێک شتێک.
دەمانتوانی بەتەواوەتی ببین بەیەک.
لای تۆ خۆش نوری دیدە لای تۆ خۆش.
کات تەواو، بەجێت دێڵم، ئەمە کاتێکی قەڵشاوەی ناسکە بۆ هەڵوەدا



واری ماڵئاواییيە، لە پەنجەکانمەوە هالاو دێ بەرەو تۆ
ئەمە برینی ژیانێکی ئەنجن ئەنجن کراوە، ناشێ نەزانی.
شوێن پێیت بەتەواوی ژینمەوە دەمێنێ.
قەتیس دەمێنێ لە چاومدا، دەچیە نێو وێنەکانەوە.
بریا جێگایەکەم هەبا، جێگایەک کە تۆی تێدا وەبیربێنمەوە،
لە مەزراکانی خوێندا کە شەوەق دادێ،
مەرگ؟ ترسای گیانە.
شەڕ؟ هەڵاتی گیانە.
دڵەڕاوکێت لەبەر چییە ها لە خۆت بدە!
ئەتۆ کاتێک ئاو بووی و سەردەمێک تیماری من، ئێستا...
لای تۆ خۆش
گیانی من
لای تۆ خۆش.

# خەونی ئێمزاکان

ئەنیس باتور

تێگەیشتن لە زمانی شتەکان و تێکەڵبوون لەگەڵ گیانی شاراوەی هەستی، ڕەنگە سادەترین پێناسەی ئەرک و کاری شاعیر بێ. لادان لەو سنوور و لەمپەرانە و تابۆ زەینی – زمانییەکان دابینی کردوون. وێرانێکی زۆری دەوێ. تەنیا شاعیر بوون بۆ گەیشتن بەم مەبەستە بەس نییە، دەبێ هەوڵ بدەی بەردەوام شاعیر بمێنیتەوە. واتە دەبێ چۆمێک بیت بەناو هەموو شوێنکاتەکاندا لە هات و چوودا بیت. ئەنیس باتور لەو شاعیرە حەریسانەیە، کە دەستدرێژیی بوارەکان وژانرەکانی تر تەنیا یەکێک لە تایبەتمەندییە شیعرییەکانی ئەوە. تەنانەت ئەو کاتانە کە شیعرێکی ڕەوایەتیی سادە دەڵێ زۆر بۆی گرنگە، نیگارگەری و سینەما و چیرۆک تێکەڵ بەشیعر، بکات. بۆیە بەردەوام هەوڵ ئەدات کامێرایەک لە پێنووسەکەیدا بشارێتەوە.

لەناو شاعیرانی تورکدا، هەتا ئێستا زۆربەدەگمەن کەسێک ویست و جەسارەتی «لادان» و تازەگەریی بنەڕەتیی بووە، بەردەوام شابلۆنەکان و قالبە قبووڵ کراوەکانی جوانی ناسیی بازاڕ – تەنانەت بۆ هەندێ گەورە شاعیریش– دیاریکەر بووە. بەڵام ئەنیس هەر لە سەرەتاوە سەلماندوویەتی کە دەیەوێ جیاوازیی خۆی بپارێزێ. نە وەکو هەندێ ڕۆشنبیر، تورکییەکی سەیر و سەمەر و تۆکمە دەکاتە ئالای تازەگەری، نە بەوێنەی شاعیرانی چەپ، زمانی کۆڵان دەکاتە کۆگای هەموو شتێک، ئەو لە جیاتی ئەمانە هەوڵ ئەدات لەناو دونیایەکی شاراوە و ڕازاویدا باسی قووڵاییەکانی زەین بکات. ئەو شتانە دەخاتە ڕوو کە ئێمە بەردەوام هەوڵی شاردنەوەیان ئەدەین بەردەوام لە ناو خەونەکاندا بەدوای ئیمزاکەی خۆیدا گەڕاوە، تەنانەت ئەگەر جاروبار لە بیری چووەتەوە کە ناوی ئەنیس بووە و خەڵکی تورکیایە. خاڵێکی گرنگی تر لە ڕەوتی هزر و هونەری ئەم شاعیرەدا دژایەتیی ڕوون و ئاشکرایە لەگەڵ سیاسیکردنی ژیانی ڕۆشنبیرانەدا. ڕەنگە سیستەمی حکومەتیی تورکیا بۆ ئێمەی ئێرانی و کوردانی دۆ و دیمۆکراسی نەدیو زۆر ئایدیال بێتە بەرچاو، بەڵام بەڕاستی لەو وڵاتەدا کەمتر هونەرمەندێک پەیدا دەبن کە



ناچار نەبن بەدەستەڵاتەوە بنووسێن، ئەنیس یەکێک لەو دەگمەنانەیە کە هیچ کاتێک سەرەڕای هەموو سەرکەوتنەکانی، خۆی بەحکومەتەوە نەنووساندووە و بەردەوام ڕەخنەگری ئەو شاعیرانە بووە کە بێ دەنگ و بێ هەڵوێست زمان و هزر و نووسینیان بۆ حکومەت بەجێهێشتووە و بیری ژیانی تاکە کەسییان لەلایە.

زمانی تورکی لە سەرەتای ژیانی بەهەند و جیددیی خۆیەوە، واتا دوای هەوڵدانە چەوت و ڕاستەکانی بزاڤی کۆماریی کەمالیستی بۆ هاوچەرخ کردنی زمان، ئەوەندە لە ژێر دەستەڵاتی پیاوانی سیاسەتدا ماوەتەوە، بەشێوەی ناڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و نووسینی هونەرمەندان داناوە. یەکێک لەو کاریگەرییانەش سیاسەتی بایەخدانی لە ڕادەبەدەر بەئۆبژە و دونیای لەبەر چاوە. ڕەنگە سەیر بێتە بەرچاو، بەڵام چاوخشاندنێکی کورت بەسەر ڕەوتی چەن دەیە شیعر و ئەدەبی کۆن و ئێستای تورکدا ئەوەمان پێ دەسەلمێنێ کە شاعیرانی تورک چەندە لە دونیای ئاشکرا و ئاسایی ئەدوێن؛ ئەوندە کە حکومەت زمانی بەشێوەیەکی شاراوە سووک کرد و کردییە ئامرازێک بۆ شانازیکردن بەتورکبوونەوە، دوو ئەوەندە دژ بەران و ئۆپۆزیسیونەکان بەبیرۆکەی چەپیی کرچ و کاڵەوە زمانیان کردە پردێک بۆ گەیشتن بەمافی بن دەستان و بەرهەم هێنانی دروشمی نوێ. بۆیە بەڕاستی سوبژە و دونیای شاراوەی زەین، زۆر کەم و کورت هاتۆتە نێو دەقەکانەوە.

ئەنیس باتور، لەم بوارەشدا بەردەوام خاوەن ئیمزایەکی تایبەت بووە و دونیای شیعرەکانی ناکۆکیی نێوان خود و زەین، خود و دونیا دەخاتەڕوو. سیمای شاعیرێکی «دەرگیر» ئەبینین کە هیچ شتێک بەلایەوە سادە نییە. هات و چوون بەناو لابیرێنتەکانی زەین و ئاوێزەکانی دوێنێ و سبەینێدا لە زۆربەی شیعرەکانی باتوردا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو دەیهەوێ بەداکۆکیی زۆرەوە پیشان بدات، کە تاک بەستراوەتەوە بەکۆوە، ئەگەرچی بۆی هەیە جاروبار هەڵێ و بۆ خۆی لە سووچێکدا خەونی تاکە کەسی و مەحرەمانە ببینێ.

نزیک بوونەوەی باتور لە ئاستی جوانی ناسینی جیهانی شیعر، بەم واتایە کە دەبێ پێوەرە گشتییەکانی فۆرم و مانا بەردەوام تاقیکردنەوە و ئەزموونی تاکە کەسی بەسەریانا زاڵ بێت، هەوڵدانێکی جیددییە کە لانی کەم لە شیعری «بسکەکانم بۆ تۆ...»دا زۆر بەئاشکرایی ڕەنگی داوەتەوە. یاریکردن بەفۆرمی جیاواز و مامەڵەکردن لەگەڵ دونیای شاراوەی شەودا خۆی بەشکڵێک دەنوێنێ کە تازەگەرییەکەی سادە و ساکار و لەهەمان کاتدا «تایبەتی» دەمێنێتەوە. هەوڵدان بۆ گەیشتن بەلەحنێکی لیریک کە تەنیا لە

گەرووی ئەشقێکی پەروەردەکراوی شاعیرانەوە بیژنەفین، توانای ڕاکێشکردنی شیعرەکە زۆرتر دەکەنەوە.

لە شیعری درێژی دلۆپە بەردەکاندا، چەن چەمکی ڕاوەستاوی قورس وەکو قفڵ و بێدەنگی و بەرد، ئامادەبوونی ڕۆحێکی نامۆ و پەککەوتەمان دێنێتە بەرچاو کە هەوڵ ئەدات جیهان لە پەیڤ و نووسیندا بخوێنێتەوە، کەچی کاتێک بەمورادی خۆی دەگات بەوەش ڕازی نابێ و هەوڵی نووسینەوەی تازەی جیهانی هەیە.

هەروەها لە چەن شیعری کورتدا شێوازێک لە خواستی «وەدەرخستنی ڕازەکان» دەبێتە کەڵکەڵەی شاعیر کە ئانارشیزمێکی کرچ و کاڵ ئاشکرا دەکەن وەک شیعری چەن ڕوخسار و ٥ بەڵام لە چەن شیعری تر وەکو دەنگی حەشاردراو، هەروەها شیعری بەرەنووسی هاوین و نۆهەمین ئاوازدا سیمای شاعیرێک نەخش دەکرێ کە زۆر شاراوە و کاوەخۆ نەزمی دونیای ئێستا بەمەبەستی دارشتنەوەی دونیایەکی تر تێک ئەدات.

من دەمویست ئەنیس باتور بکەمە بیانو بۆ ناساندنی ژانرێکی ئەدەبی تورکیا بەناوی «دەنەمە Deneme»یان ئەزموون کە دەقێکی بەربلاووبێ سنووری ئەدەبی تورکیایە و ڕەنگە هاوشێوەی ئەو ژانرە کۆنەی ئەدەبی عیرفانی – فەلسەفی خۆمان بێت کە بە«شەتەح» ناوی لێدەبەن. دەنەمە یان ئەزموونەکانی باتور زۆرن و لایەنگری فرەیان هەیە بەڵام بەداخەوە لەبەر درێژبوونی دەقەکان ئێستا ئەو ناساندنە دەس نادات و هیوادارم لە داهاتوودا ئاوا هەلێک بڕەخسێت.

ئەنیس باتور خاوەن خەڵاتی شیعری «سیبیلا ئالێرامو»یە کە دەوڵەتی ئێتالیا هەر ساڵ بەشاعیرێکی گەورەی دونیا پێشکەشی دەکات.

لە دواییدا ئاماژە بەم خاڵە بەپێویست دەزانم کە خوێندنەوەی کتێبە شیعری «سفر به آینەی دیگری» کە وەرگێڕی چالاک و زانا «حمید فرازندە» بەشیعر و وتووێژەکانی باتور پێکی هێناوە، یارمەتی زۆری دام بەڵام هیچ کام لەم شیعرانە کە بەکوردی بڵاو دەبنەوە لەو کتێبەدا نین.

شەرابی تازە، شەوی کۆن
٨ شیعری شاعیری بەناوبانگی ئێستای تورکیا
ئەنیس باتور



## بسکەکانم بۆ تۆ بڕینەوە

١

بۆ تۆم بڕینەوە
ئەو بسکانە کە ساڵەها
درێژە بوو بوونەوە.
لەبەر تۆ ڕاوەستام،
پشووم دا پاش ساڵەها بەڕێوە بوون.
دوای ساڵەهای ساڵ
داخستن و داخراو بوون،
بۆ تۆ کرامەوە
بۆ تۆ ئاوەڵام کرد هەموو دەرگایەک.
بۆ تۆ چاوەڕوان بووم
بۆ تۆ.
تەنیا جارێک
بۆ تۆ پێکەنیم و
بێدەنگ بووم پاشان،
ساڵەهای ساڵ
لە بۆشاییدا بەپێوە بووم،
بەپەیژەوە داگەڕام
دەزانی من
تیشکم بەستبوو بەشەوگارەوە.
لەبەر خاتری تۆ
هومێدم گرت
بەهام دا بە ژین.
لەبەر تۆ ئاگرم هەڵکرد

ساڵەهایە دەیپارێزم ئەم ئاگرە.
زەمەن دەپارێزم تەنیا بۆ تۆ،
دوردی شەراب و
ژینی شاراوەی نێو دوردەکانم بۆ تۆ،
چاو لە خۆر ئەبڕم
مۆمەکان ئەتارێنم،
پێخەف ڕادەخەم
هەمووی بۆ تۆ.

٢

ئەم مێزەم بۆ تۆ ئامادە کرد
با گەردەلوول لە نێوان دوو وشەدا
ئارام گرێ.
ئەم پێخەفەم بۆ ڕاخستی،
دەزانی سیاچەڵی خەو
لە نێوان دوو گەردەلوولدایە.
ئەم خۆراکە بۆ تۆیە
برسیەتی کوێر ناکرێ و
جێگەی لە نێوان دوو برسیەتیدایە.
ئەم نیگایە،
ئەم قسانە،
بێدەنگییەکانم
هەمووی بۆ تۆیە.
بسکە بڕاوەکانم،
تەنیا لەبەر تۆ
درێژ کردۆتەوە.
ئەم ئاگرەم لەبەر تۆ کوژاندەوە.



لەبەر تۆ سووتام.
ئەم خەیوەتەم بۆ تۆ بەرپا کرد،
لەم ساعەتەدا
بەبۆنەی تۆوە ئاوم گەرم کرد،
لە نیوە شەودا ڕووت بوونەوەم
لەبەر تۆ بوو.
نا، بێدەنگ نابم
لە باوەشدا.
وەکو ئەییوبێک
لە نێو قفڵدا.
هەم جەللاد،
هەم قوربان.
تۆوێک بۆ تۆ.

## زەریا بەرین، با بێڕەنگ

بەیانی بەناو تیشکەکانەوە
تێپەڕ ئەبوو.
دەنگی «ترێزا»
ساف و بێگەرد بەرێوە بوو.
باڵندە تەنیا.
لە ئاسماندا هەور.
لە هەوردا شکڵ.
لە شکڵدا هەڵچوون شاراوە.
هەڵچوون پەروەردە بووی زەمەن.
زەمەن ئاوی سەر گەڵاکان.
خوێنی ناو دەمار،

ڕاوەستاو،
چاوەڕوان.
زەریای بەرین:
بەجێ ماون،
ڕۆیشتووان،
لە دەروونمەوە تیشک و تیرێژ لە دەرباز بووندا.
تاریکی بەماندوویی
لە منەوە تێپەڕی.
شەوێک،
تەنیا شەوێک مایەوە.
بێڵا بگات
شەمەندەفەری ڕەش،
ڕێبواری هەناوی من.

## نۆهەمین ئاواز

بەڵکو بەردەوام پێویستە باڵەکانی
تاقی بکاتەوە.
بێ وچان چاوی لە تەیرەکان کرد.
نەیدەزانی، بۆچی
لە بۆشاییدا
یەکێک هەڵدەستێتەوە و
یەکێکی دی، دادەکەوێ؟
بۆچی هاوسەنگییەکی تر تێک ئەچێ و
تەواوی وەختەکان
خەرجی گەڕان بەدوای شتێک ئەکرێن؟
تەواوی کاروباری بیرکردنەوە بوو



بیربکاتەوە، بڕوا بکات بەبیرلێکراوەکانی و
دیسان هاوڕێیەک بۆ بیرلێکردنەوە.
بەڵکو بەردوام دەبێ باڵەکانی تاقی بکاتەوە.
گەڕان بەدوای وڵامێک،
شیاوی هەموو پرسێ بێ.
ئەمە بوو تەواوی کاروباری:
بیرکردنەوە،
ئیمان نەهێنان بەبیرلێکراوەکانی،
بیرەکانی وەکو دەسکێشێک وەردەگێڕێ
تەیرەکانیش هەر وایان دەکرد.
یەک هەڵدەسایەوە یەک بەرەو خوار دەبۆوە
گەڕان بەدوای شوێنێکی زێڕین
بۆ داکەوتن
شوێنێک بۆ تێکچوونی هاوسەنگییەک.

## بەرد نووسی هاوین

شەمەندەفەرێک بوو
ئەو خەونە شینەوا
لێی سوار بووم،
بەنیوە چڵی مانەوە، پەیکەری
شۆفێر و بیتاقەچی.
دەنگی ناقووس هەڵدەفڕی.
منداڵ ئاوێزان مایەوە.
ئەم شارە تەنیا خەیاڵێک بوو،
تەنیا شەوێک.
ڕۆژ هەڵکرا
پاپۆڕەکان کرانەوە.

هەورێکی ڕاست،
بەڵام شەقامەکان.
شەقامەکان هەموویان تونێل بوون.
پەیکەرە دەجووڵێتەوە،
چەن گەورەن ماڵەکان!
لە دوای ئاگر،
مژ مایەوە و
دووکەڵ و ئەسپەند.
چەن پرسی تاڵ
ڕاوەستا و ڕاوەستا و
لە عەقڵمدا مانەوە.

## دەنگی حەشاردراو

تۆی لە بادا پەیدا کرد،
لە بادا تۆی بە با دا.
ڕوانی لە ڕۆچنەوە،
ئامێز ئامێز بەلێزمە هەڵفڕی باران.
گوتی: بهێڵە با هەڵبکات.
بێلا هەڵبکا با،
ئەتو بێ هاوتای بۆم.
لە ئاسمانێکی شڵەژاوا
لە ڕیزدا بوون شیعری هەڵکراوی پەری.
هەوای هەڵمژی و دوردی کشایە سینگییەوە،
دوردێک لە شەراوی هەور.
گوتی: ڕابکشێ! ڕاکشە ئەنیس!
با بەدرێژایی شەوێک،
دەنگت کۆببێتەوە.



## چەن ڕوخسار و پێنج

شەرم مەکەن
لە پیسایییەکانی دەروونتان.
من ئەم ئاگرەم خۆش ئەوێ
ئاوا بڵاوە دەکات بەسەر گۆناتانا.
من خۆشم ئەوێن ئەو هیچانە
وا وەکو بزمارێک لە گەردەن بەرەو ژوور
پێتانەوە دەنووسێن.
ئەگەر وەدەر کەوتبا،
ئەگەر کراسەکەتان سەرتاپا هەڵدڕابا.
دەمتوانی برژانگەکانتان یەکە یەکە بژمێرم،
دەستێکم سوور سوور لە ئاگردا
ئەوی تر لەسەر گوێتان.
ئێوەش هاوارتان ئەکرد:
کوڵکی بەی!
سینگ و بەر!
تاڤگە!

## دڵۆپە بەردەکان

لەم خۆڵانە وا
لەو دیوی ساراوە دێن،
لەو بەیانییە وا
ئاسمانی ڕەش کون دەکا و دێ،
دەبا زمان بکرێتەوە،
زانایەکم دەوێ!
تاسێکی موبارەک

له دەستی دادەکەوێ.
دەبا لە جیاتی
بێ ئاویی ئێسکەکانی بڕبڕە و
لە جیاتی ترس و سیابەختی،
دێڕەکانی ڕزگاری بنووسرێنەوە.
دەبا کاتێک لە چادرەکەم دەردەکەوم
کرێوە بێتە بەرەو پیرمەوە.
بەرلەوەی سواری ئەسپەکەم بم بروانەم:
لە چاوانتەوە تێپەڕی،
تیشکی ئاسایشی ونبوو.
نزیکان
هەروا لە خۆڕاییی منیان هێنایەتەنگ.
دەبا ڕەشەبای دوورەکان بێت،
چی کریستاڵی تەنیشتی تۆیە
پڕ بێ لە دەنگ.
تێک شکام
دۆڕاندم،
ئەمانە ساڵانی خۆڵەمێشیی منن.
زانایەک پەیدا بکەن،
دەبا بەشەوگارما
ئەستێرە هەڵزنێ.
ئاوەها ڕاکشام لە شەودا و
شەو نەدەبڕایەوە.
ئاوەها خەوم لێکەوت،
کەمەرم یەکسەر هاڕدرا.
لە کۆشکمدا



کێ دادەنیشێ، دەزانم
کێ ئەچێتە بەخەڵ ژنەکانم،
ئەوەش دەزانم.
بۆنێکی خەست،
هەستێکی ڕەش،
هۆدەکانم بەڕقێکی زارکەف کردوو
داخران،
شارەکانم داخران و
قەڵەمڕەوی ڕووخاوی چیا تەماوییەکانم:
ئیمپراتۆرێکی بێ خاوەنم هێنایە ئێرە
بەباێک خۆی
سەهۆڵی غروورم تواندەوە و هێنام.
شووشەیەک شۆکەرانم هێنا ،
لەکەس نەترسام
دەمزانی:
نە چارەنووس
نە لەعن و نفرین
نەش مەرگ:
تەنیا شوبهەیەک هەیە و
دەبێ بپارێزرێ.

زەمەن، ئەو دڵۆپە مەزنانە
کە بوونەتە بەرد ،
منیش هەر ئاوەهام.
قفڵەکان، بۆ من
نەهەن و نەش نین.

ئەگەر دەرکەوم و
ئاگرێکی بێ سەر و بن هەڵبکەم،
داخۆ ئەوان ئەتوێنەوە؟
ئەگەر دەرکەوم ئاگرێک بەرپا بکەم
ئەوان وائەزانن بانگیان لێ ئەکەم
من بانگ ناکەم نا.
دەڵێن ئەمە ڕەشەبایە بەکوڵ ئاگرەوە.
ئەترسن،
من بۆ ترساندنی کەس نەهاتمە دونیا.
یارمەتیم بێ واتا ئەبێ.
کاتی خۆی
دڵۆپەکانم ئەتوێنەوە.
بەرزەخ
ئەکەوێتە نێوان
ڕابردووم و ئایندەمەوە،
بەسەر هێڵی خۆما ئەڕۆم:
چاوەڕوانی زانایەکم
گرێی ئەم تەلیسمە بکاتەوە،
لە بێدەنگیمدا
وشە داباریێ

# دەنگێک بەبەرزایی خۆشم ئەوێی

شیعر و ژیانی شاعیری بەرەچەڵەک کورد
یيڵماز ئەردۆغان

"ییڵماز ئەردۆغان" لە ساڵی **١٩٦٧** لە یەکێک لە شارەکانی کوردستانی بن دەستەڵاتی تورکیـا بەناوی "هەککاری" هاتە دونیـاوە. ییـڵـماز ئەردۆغـان خـوێندنی سـەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە ئانکارا تەواو کـرد و لە بەشی ئەندازیاریدا وەک خـوێندکـاری سەرکەوتوو قبولّ کرا. بەڵام عـەشقی شانۆ و نووسین بوونە هۆی ئەوەی ئەندازیاری بەجێ بێـڵـێ و یەکـسـەر تەسلیـمی شـانۆ و هونەر ببێ. ییـڵـمـاز ئەردۆغـان گـەورەترین و بەناوبانگـترین زنجیـرە فـیلمـەکـانی تلویزیۆنەکـانی تورکیـای نـوسیـوە و بۆ خـۆی دەوری یەکەمی تیایدا گێڕاوە.

دواتر یەکێک لە شانۆکانی ییڵماز ئەردۆغـان بەناوی "ژن بوون بۆ ئێمە بمێنێتەوە" بۆ ماوەی **٥** ساڵ بەڕێوە چوو کە گـەورەترین ئەکتەرەکانی تورکیا بۆ ئەو کاریان ئەکرد. ئەم نووسـەرە شاعـیرە بەرەچەڵەک کوردە دواتر لە گۆڕەپانی شـاعـیریشـدا سەرکـەوتنی زۆری بەدەس هێنا. بۆ یەکەمجـار لەگـەڵ "نیزامـەدین ئاریچ" هونەرمـەندی بەناوبانگی کـورد کە زانیـاری مۆسقیـای کوردی و تورکییە، دەستی بەهاوکاری کرد و شریتێک لە شیعرەکانی خۆی بلاوکردەوە. ئەم شریتە لە ماوەی یەک هەفتەدا سەد هەزار دانەی لێ فرۆشرا.

ئەم شاعـیرە بەرەچەڵەک کوردە هیچ کاتێک بابەتی بەکوردی بلاو نەکردۆتەوە. ییـڵـماز ئەردۆغان لە شیعرەکانیدا، خاوەن شێوازی دەربڕینی تایبەتە.

ڕەنگە یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکـانی شیـعری ئەو، هەوا و"لحن"ی تایبەت بەخـۆی بێت، کـە لەگـەڵ هەست و سـۆزی ڕۆمـانسیـدا، بەردەوام کـەش و هەوای تایبـەتی عەشق و ئەوین و تامەزرۆ و ماڵئاوایی بەدی دێنێ.

شیعری بەناوبانگی "من تەنیا ئەگەری ئەوەی منت خۆش بوێ واداری خۆشەویستی تۆی کردم". لەو شیعرە بەناوبانگانەی ئەوە کە لە ناو تەواوی دیوان و ناميلكە هاوچەرخەکانی تورکیەدا چەن دێڕێکی ڕەنگی داوەتەوە و لە ناو کۆمەڵگادا لایەنگری هەیە.



## یاساغ

یاساغە یاساغ
تێگەیشتن لە چاوانی تۆ
دەستەکانت
یاساغ کراوە لێم
ئاخ .ئاخ
بریا من ئەسرینی چاوەکانی تۆ بام
هەنگاوی نێو حەزی تۆ بام
دوای تاوانباری
ئەمن بەیانی بێ تاوانی تۆ بام
بەڵام یاساغە یاساغ
تێگەیشتن لە چاوانی تۆ
دەستەکانت
یاساغ کراوە لێم
بریا ئەمن کۆچبەری ڕۆخساری تۆ بام
ئەمن بریا پەنابەری پێخەفی تۆ بام
نیشتمانی تۆ بام
بەڵام یاساغە یاساغ
تێگەیشتن لە چاوانی تۆ، دەستەکانت
یاساغە یاساغ.

## بۆ کچەکەم بەرفین:

بەرفینەکەم!
ڕوخسارت لە دەروونی مندا پێدەکەنێ.
بەخەیربێ بۆ ئیقلیمی دڵی من.
(ناوی من لە بیری کەسدا نامێنێ

دەڵێی مارێک کەوتۆتە نێو ئاوەکانی زەریاوە)
وەک شنەی ئاخری مانگی پاییز،
تا بانگمان لێ ئەکەن،
ئەڕووخێین، ئەشکێین.
ئێمە بیرمان لە ڕق کردۆتەوە،
ئێمە خاوەنی چەقویەکین
کە زۆر زوو ئەشکێ
ئەچەمێتەوە
بۆنی تۆ، بۆنی خوداییت
بەرامەی گوتنی: بابا گیان! بابا گیان!
ئاااخ..... ئااخ
لە شوێنێک
ئەوینێکی کۆن
لە جامەکاندا مابۆوە.
حەیف بوو.
بۆ ئەبێ بیرژێنن؟
ئێمە پێویستمان بەنەخشەی عەشق بوو.
ئێمە بەدوای شێتی و تەجەننونی نوێدا ئەگەڕاین.
ئێمە منداڵ بووین.
بەڕاستی نەمانویست گەورە ببین.
تۆ شنەیەک بوویت
شنەیەک.
باوەشێک نانی سەوز.
پێگەیشتنی لیمۆیەک، لیمۆ
چاوەڕوان بووین بێن و
پرسیار بکەن:
قوربان چی ئەخۆن تا بێنین بۆتان!



تۆ هاتی
بەخەیربی بەرفین گیان
کچەکەم. تووڕە بوونی من!
وەماندەزانی کۆبوونەوەی تەنیا من و تۆ
بەسە بەس
نەمان ئەزانی چی ڕاستە و چی خەیاڵ
بەبێ ئەوەی ئاگاداری بدەیت، هاتی.
ببوورە ئەگەر دیوەکەمان شپرزە.
ئێستا کۆی ئەکەینەوە.
کارت دژوارە کچم.
هەم ئەبێ بۆ خۆت گەورە ببی،
هەم پێویستە ئێمەیش
گەورە بکەیت!
ئەیانپرسی: باوکت ماوە؟
ئەتگوت: ئەرێ بابم هەیە.
بەخەیربی کچم
تۆ ڕوخسارێکی
بەردەوام پێدەکەنی.
بەردەوام لەگەڵ کاتەکاندا
دانیشتووی دەروونی منی.

## عەشقەکەمان

عەشقەکەمان وەکو هەوڵدانی
دوو ئینسانی چاویلکەیی بوو
کە هەوڵ ئەدەن یەکتر ماچ بکەن،
بەڵام قەت لە بیری ئەوە دانین،
سەرەتا چاویلکە لابەن،

پاشان ماچ!
قەت بەبیرتدا هاتووە،
کێشەی وشەی بەڵکو؟
بەڵکو جوانترین بازنە بۆ دەستی تۆ،
پەنجەکانی من بێ.
بەڵکو ئاشکراترین درۆ،
وشەکانی من بێ بۆ تۆ.
بەڵکو تۆ.........
بەڵکو من.........
هەژاری، یەخسیر بوون، نامۆ بوون
ئەرێ بۆ ئەبێ ئینسان پەنابەری دڵی خۆی نەبێ؟
گەرمترین پەیڤەکان بەناوی مردوو
دەس بەدەس و زار بەزار ئەگەڕێن
بۆیە خەمەکانی منیان لە لۆری بارکردووە و
بۆ گۆڕستان ئەچێ.

# کوردێک لەئەستەمبۆڵدا

ژیان و بەرهەمی موراد خان مۆنگان

موراد خان مۆنگان لەساڵی ١٩٥٥ لەشاری ئەستەمبۆڵ هاتۆتە دونیاوە. موراد خان چەن ساڵێک لەشاری ماردین لە کوردستانی بن دەستەڵاتی تورکیا دەرسی خوێندووە، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەمبۆڵ و لەزانکۆ و لەبەشی شانۆدا خوێندنی باڵای تەواو کردووە.

دوای چەند ساڵ کارکردن لەشانۆ بەناوبانگەکانی ئەستەمبۆڵ و ئانکاردا ڕووی هێناوەتە نووسین و لەساڵی ١٩٨٠دا خەڵاتی ئەدەبی ئاکادیمیای وەرگرتووە.

پاشان لەساڵی ١٩٨١دا خەڵاتی ئەدەبی گۆڤاری گۆستەری بەدەست هێناوە. موراد خان مۆنگان هیچ کاتێک بەکوردی نەینووسیوە لەبەناوبانگترین شاعیرانی ئەمڕۆی تورکیایە.

یەکێک لەگەورەترین تایبەتمەندییەکانی شیعری موراد خان ئازایی و پابەند نەبوونی بەزمانی شیعرو یاسا و ڕێگای تایبەتی بنەما و ڕواڵەتی شیعرە. واتە: لەو شاعیرانەیە وا هیچ کاتێک بیر لەقسەی ڕەخنەگران ناکاتەوە. چی پێ خۆش بێ ئەینووسێ. هەر بۆیە جاری وا هەیە شیعرەکانی لە زمانی بیرەوەری و نامە نزیک ئەبنەوە.

موراد خان شاعیرێکی گەشبین نییە. تاڵی و ناخۆشی و ڕەشاییەکانی ژیان زۆرتر لە هەموو بابەتێکی تر، زەین و مێشکی شاعیرانەی ئەو داگیر دەکات. هەر بۆیە زۆرجار لەشیعرەکانی کەش و هەوای پڕ لەساردی و تاڵی مەینەتی دەکەوێتە بەرچاو. بۆ ئەوەی دونیای زەینی و شێوازی جوانیناسی و بیرکردنەوەی تایبەتی ئەم شاعیرە بناسین، ڕەنگە ناچار بین پەنا بەرینە بەر ئیقلیمی چیرۆک و یادداشتەکانی. هەندێجار هەست ئەکەین موراد حان لەدەربڕیندا تووشی دەس وشکی ئەبێ هەمیشە لایەنێک لەمەسەلەکە لە لای خۆی بەزیندوویی و شاراوەیی دەهێڵێتەوە.

لەناو شاعیرانی ئەمڕۆی تورکیادا بەردەوام موراد خان یەکێک لە بەناوبانگترین شاعیرانە بەڵام هیچ کاتێک ڕێگا بەهەواڵنێران و کامێرای تەلەفزیۆنەکانی نادات و لە سوچی تەنیایی خۆیدا تەنیایی خۆیدا خەریکی نووسینە.



## پەنجەرەی باکوور

هێشتا بۆنەکەی بەتۆوە ماوە
ئەو گوڵەی کە بۆنت پێوە کردبوو
سوێری ئەو زەریایە کە چاوت لێ کردبوو
بەقامکەکانی تۆوە ماوە
وێنەی ئەو ئیقلیمە دوورانە وا تۆ گەڕاوی
بەتۆوە دیارە
نەسیمی دووریان
لە لای تۆیە، لە نێو قژت دایە.
هەزاران شەوگاری خەیوەت نشین
ئێستاش لە لای تۆیە
ڕابردوو هەرچەندە کەدووربێ
ئێستاش لەدەفتەرە کۆنەکەت دایە.
ئەڵێی ئەگەر نەیاننووسم نابێ
پەنجەرەی ڕوو بەباکوور ئەکرێتەوە
لەدەفتەرەکەیدا نووسراوە:
کۆیلەیەک نەماوە، ئەبێ هەڵاتبێ
ڕووبارێک پچڕاوە، ئەبێ...
تۆ چیت هەیە لەئامێزیان بگریت؟
بیرەوەری،
دەفتەری کۆن،
پەنجەرەی باکوور و... چی تر...
هیچی تر.

## نامە

بۆشترین و بەتاڵترین  وشەکان
خەمبارترین دیمەنەکان.
لەعنەت کراوترین ماناکانی ئەم زمانەمان.
دووری، دووری سەر زارمان
ئەو ئاوێنەیە وا لەگیرفانی خەڵکیم دزیوە
ڕوخساری ونبوون خۆم و...
ئااخ... ڕۆژگار قەت لە لام بایەخی نییە
شەوان، ماجەرای بەسەرهاتی بێ ڕەحم
شەوانی ڕەش
شەوانی پڕ لە تەنیا کەوتووان
نامەیەکی نەکراو، چەند ڕۆژ تەمەنی هەیە؟
لە ناو برین و بیرەوەریدا یەخسیر کراین.
نە!
پێوست بەناردنی ئەو نامەیە نییە.
بۆ خۆم ئەزانم وەڵامەکەی
لاپەڕەیەکی سپییە.
سپی، بێ وشە، بێ ئیمزا، بێ نیشان.
ئەمە واتا جیایی دابڕان، هیچ

## پێش تر

ئەبوون بە خۆڵەمێش
تەواوی ئەو کێوانە کە دیتبوومن
بێدەنگ، ئەچوومە سەر فێنکترین ئاو
تەنانەت بەر لەئاسکەکان ئەگەیشتم.
ئەو کاتە ئاوەکان
ئەیانتوانی من بشۆنەوە



دەمارەکانی دەرونی من پڕ بوون
لەتیشکی خۆر
کاتێک من ئەخەوتم
ڕۆحم هێدی هێدی
ئەچوو بۆ پیا سەکردن.
خوێناوی بووم قەتڵم کردبوو.
خەونەکانم زۆر زۆرتر بوون
ئەو چیرۆکە وا
خەونم پێوە بینی،
لە جیاتی هەردووکمان ئەژی.
هەموو شەوێ
هەموو شەوێ
هەموو شەوێ

## کێ ئەتوانێ لەسێبەری ئەو دەرباز ببێ؟

کاتێک هەزاران ڕێ بەجێ دێڵین.
هەزاران شت ون ئەکەین
تەنیا یەک شتیان لێمان ئەوێ،
تەنیا یەک جار ون کردن
لێیان ڕزگار نابین.
نەبوونیان هێندە دوپات دەبێتەوە.
ئەبنە هەبوونی ژیانی شەو و ڕۆژمان
بەردەوام وەبیر دێنن
ئەمەیە ون کردن؟
ئەمەیە ڕزگار بوون؟
کێ ئەتوانی خۆی لەسێبەری ون بووان
نەجات بدات؟

هەستەکانمان
لە ئیمە زووتر پیر ئەبن
بەسەر ئەچن
بەجێمان دێڵن
ون ئەبن.
دێنەوە بیرمان
دێنەوە بیرمان.
ئەمەیە ئەشکەنجی ژیان،
بەردەوام وەبیر هێنانەوە
ڕائەوەستێ و ئاوڕ دەبێتەوە
هەزاران ئافرەت بەجێ ماون.
ئەوەندە بیریان لە وێنی کردۆتەوە
ئەمڕۆ ناتوانن بژین!
ژنەکان ماندوون.
ماندوون ئەم هەموو ئافرەتانە.
ڕابردوویان بووەتە مووزەخانەیەک
هەموو شت تیایدا ڕاوەستاوە ڕاوەستاو.
تەنانەت ئەگەر تۆ هاوڕێ شەوان بیت.
دۆستانی پێشوویان وەک حەسارێک،
سەردەمی ڕابردوویان زیندوو ئەکەینەوە
تۆش ئەبیتە ڕابردوو.
زەمەن ئەڕوات زۆر شت گوشار دێنن
چاوەڕوانی درێژ خاوێنی ژن...
نە ئاوەدان نابێتەوە و دەرباز ئەبن
زەمەن، عەشق، هەموو شتێ.
جیایی و دابڕان زەمەن تاڵتر ئەکات.
تاڵتر.

# پێڕست

پێشــەکی ........................................ 5
ئەحمەد عارف ........................................ 7
ئورهان وەلی ........................................ 15
فازل حوسنی داغلارجا ........................................ 27
ئەحمەد تەللی ........................................ 39
ئاتیلا ئیلهان ........................................ 51
یوسف خەیاڵ ئۆغلۆ ........................................ 61
ئەنیس باتور ........................................ 73
ییلماز ئەردۆغان ........................................ 87
مورادخان مۆنگان ........................................ 93